# هـــــەنـــاری بـــن دەس
# سـيێوی ســـەر لـــــق

برایم محیّدین عارف

(( کۆمەڵە بابەتێکی فۆلکۆر و کەلەپوورییە ))

## ڕوونکردنەوەیەك

لەساڵی ٢٠١٢ کە کتێبی یەکەمی بابەتە کەلەپوری و فۆلکلۆرییەکانم بلاوکردەوە ، پیرۆزبایی و دەس خۆشی زۆرم لێکرا و هەرچەندە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانییەوە چاپکرا ، لە تیراژی (٥٠٠) دانە کە ژمارەی چەسپاوی زۆربەی کتێبەکانیانە ، ژمارەیەکی کەم درا بە نووسەری کتێبەکە ، کاتێك بۆ جاری دووەم چوومەوە گەنجینەی بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ کڕینەوەی چەند دانە لە کتێبەکە ، پێم ڕاگەیەنرا لەلایان نەماوە .

ئەو دەس خۆشی و پیرۆزباییە بووە هەوێنی سەرهەڵدانی ئەم ناملیکەیەی دووەم بە شێوەیەکی کار بۆ کردوو بە هەمان شێوەی کتێبی یەکەم کتێبی دووەمیش هەمان ڕێچکەی یەکەمی گرتووە ، پێناسە و ناساندنی وشەی هەمە جۆری کەلەپوورییە .

پێم باش بووە بە زمانێکی سادە بینووسمەوە و زاراوەکان تێکەڵە و هەمە جۆربن .

به هیوای تۆمارکردنیان لە ئەرشیفی کەلەپوری نەتەوەکەماندا .

## پێناسەی چەند ووشەیەکی کەلەپوری

### خەڵف :

قەدی داری تازە چەکەرەی ڕووەکی بڕاوە یان پیرو بە تەمەنە کاتێك ڕووەکەکە دەبڕێتەوە یان لەبەر گەورەیی تەمەن وشك دەبێت لە بنەوە قەدی ناسکی تازە چەکەرە دەکات بەم قەدە تازانە دەڵێن خەڵف ، وەك ڕووەکی شۆرەبی یان تو ، خەڵف دووبارە دەڕوێ و جێ بە ڕووەکە بە تەمەنەکەیان بڕاوە کە لەق دەکات دووبارە سەر هەڵدەداتەوە و هەر وەك گۆرانییەکی فۆلکلۆری دەڵێ :

ئۆخەی ئۆخەی لەو بالآیە .

دەڵێ ی خەڵفی بێ گەلآیە .

## بەرچنە سەبەتە :

دوو چنراوی قەدی ڕووەکن ، بە شێوەیەکی هونەری جوان بۆ گوێزانەوەی میوە دروست دەکرێت ، بەشێوەیەکی گشتی بەرچنە بچووکترە لە سەبەتە ، هەر دوو کیان بۆ گوێزانەوەی میوەکانی تریێ ، هەنجیر، هەرمێ ، قۆخ .... بە کاردێت سەری بەرچنە ناگیرێت و بەتاڵە ، بەڵام کە پڕ بوو لە میوە دەتوانرێ بە قەدی ڕووەك و گەڵا، سەر بگیرێت، داری بەرچنەو سەبەتە ، بەنەرمی دەچنرێت و کە وشك بوەوە دەق دەگرێت .

## کاکۆڵ:

جۆرێکی تایبەتی سەرتاشینە ، بەمووس یان چەقۆ ، تەنها بەشی پێشەوەی نێو چاوان نەبێت ، هەر چەندە ئێستا جۆری سەرتاشین زۆرە ، ڕەنگە یەکێکیان نزیك بێت لەم جۆرەوە ، بەڵام مەبەست لە کاکۆڵ ئەو جۆرە سەرتاشینە تایبەتەیە ، کە ئێستا پەیڕەو ناکرێ و ناوەکەی چوەتە خانەی کەلەپورەوە .

## حەسیر:

ڕاخەرێکی چنراوی تایبەتە ، دەچنرێت و لەسەر خۆڵ ڕا دەخرێت ، زۆرتر شێوەی لاکێشەیی لە خۆدەگرێت ، لێوارەکانی جۆرێکی تایبەت دەخرێتە ناو چنینەوە تا بە ئاسانی هەڵنەوەشێتەوە ، حەسیر لەسەر خۆڵ و ژێر لباد و فەرشدا ڕادەخرا کە گەرمە و خۆڵ لە خۆی ناگرێت ، هەر چەندە ئێستا حەسیری سەردەم زۆرە ، بەڵام مەبەستی ئێمە حەسیری چنراوە کە لە ڕووەکێکی تایبەتە دەچێنرێت ، وەك ڕووەکی گسك وایە و لە ئێستادا زۆر دەگمەن بەکار دێت .

## یەکەناس:

سیفەتێکە دەدرێتە پاڵ ئەو ئەسپ و ماین و ئاژەڵە بەرزانەی کە تەنها ڕێگە دەدات خاوەنەکەی مامەڵەی لەگەڵ بکات و یەکە ناسە .

ئەسپی یەکەناس ، بە تەنها ڕێگە دەدات خاوەنەکەی سواری بێت ، جاری واهەیە غەریبەیەك سواری بێت دەکەوێتە جوڵە و ڕەوت و غاردان تا سوارەکە بەردەداتەوە ، خاوەن ئەسپی یەکەناس دەتوانێ ئەسپەکەی وا ڕابێنێ یان دوای ماوەیەك لەون بوونی خاوەنەکەی مامەڵە لەگەڵ خاوەنە تازەکەی بکات .

## بەڵم:

قەدی ڕووەك و کای مەرەزەیە کە چەڵتوکەکەی لێ جیادەبێتەوە ، پووش و پەڵاشێکی تا ڕادەیەك وشك و تەڕی لێدەکەوێتەوە ، بەڵم جیاوازە لە کا ، پوش و پەلاشی گەنم و جۆ کۆدەکرێتەوە و دەکوترێت و کای لێ پێك دێت ، کە خواردنی سەرەکی ئاژەڵانە ، بەڵام بەڵم بۆ چەند مەبەستێکی کەم بەکاردێت و زۆر جار لە شوێنی کوتانەکە جێدەهێڵرێت .

## دێم ، دێمە کار:

زەوی بە یار و نەکێڵراوە ، زەوی دێم ڕەنگە پێشتر کێڵرابێت بەڵام ئەو ساڵەی کە ناکێڵرێت و ناکرێتە کشتوکاڵ دەوترێت زەوی دێم یان دێمەکارە ، بەیار ، جیاوازە لە زەوی دێم ، بەیار هەر ناکێڵرێت لەبەر بەرز و نزمی خاکەکەی بێت یان زۆری بەرد و سورکە و بێ پیستی خاك .

زەوی دێم ڕەنگە بەراو بێت یان پشت ئاو یان پێشتر کێڵرابێت .

## دوو ئاوان ، سێ ئاوان:

شوێنی بە یەك گەیشتنی ئاوی دوو چەم یان دوو ڕووبار یان دوو مێرگە ، کاتێك ئاوەکان بە یەك دەگەن و تێکەڵ دەبن و دەبن بە یەك ، سێ ئاوان بە هەمان شێوەی دوو ئاوان سێ سەرچاوەی ئاوە ، کاتێك بە یەك دەگەن ، دوو ئاوان و سێ ئاوان لە کۆندا بۆ بنەوانە یان ئەستێڵ و دروست کردنی گۆماو بەکار دەهات لە ئێستادا بۆ دروستکردنی سەدی ئاوی گوندەکان بەکاردێت .

## ڕەوەند :

کۆچی خێڵ و تیرەی خەڵکە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر بە تایبەت لە نێوان ناوچە گەرم و ساردەکانی کوردستاندا کە ناسراون بە گەرمیان و کوێستان ، خێڵ و ڕەوەندە کوردەکانی کە ئاژەڵیان زۆرە ژیانیان لەسەر بەروبوومی ئاژەڵە لە هاویناندا ڕوودەکەنە کوێستان و شاخەکانی قەندیل ، دەوار و ڕەشماڵ هەڵدەدەن و بەروبوومی ئاژەڵەکانیان کۆدەکەنەوە و دەیفرۆشن .

لە ئێستادا ڕەوەندی ماڵە جافی شارولادێکان لە هاوین و زستاندا نەماوەو ، زۆتر ڕەوەند ڕوودەکەنە کوێستانەکانی شاخەکانی قەندیل .

## مەنگ :

ئاوی وەستاوی گۆمی چەم و ڕووبارەکانە ، کە قوڵ و ترسناکە تەنها مەلەوان دەتوانێ مەلەی تیابکات ، ئاوەکە جوڵەی لەسەر خۆیە و وەك ئاوێکی وەستاو دێتە بەرچاو ، ئەگەر کەسێك (کەم دوو) و قورس و سەلار بێت دەوترێت کەسێکی مەنگە ، خەڵك شەرمی لێدەکات بە گشتی گۆمی مەنگ ترسناکە پەندێکیش هەیە دەڵێت : نە گۆمی مەنگ ، نە پێڵاوی تەنگ ، نە کاسەی پڕ چەنگ .

## وەنەوز:

سەر خەوشکاندنە ، بە تایبەتی لە ڕۆژدا ، کاتێك مرۆڤ زۆر شەکەت و ماندوو دەبێت لە پەناگەیەکدا دەیەوێت پشوویەك بدات لە ناکاوێکدا خەو دەیباتەوە دەڵێت وەنەوزێکم دا ، وەنەوز زۆربەی کات لەو کەسانەدا ڕوو دەدات کە جێگەی فەرمی خەوتنی ساز نەکردووە لە چەند خولەکێك زیاتر ناخایەنێت ، جاران سەپان یان پاڵە کە زۆرماندوو دەبوو ، دادەنیشت لە پەنای کەڵەکێکدا هەر بە دانیشتنەوە چاوی دەچووە خەوو دەوترا وەنەوزێك دەدات .

## پـــەز:

مێگەلی مەڕو بزنە ، مێگەل مەڕ بێت یان بزن کە بە یەکەوە بوون و ژمارەیەیان چەن سەرێك بوون دەوترێت پەزەکان ، پەز کەمتر ولاّخی بەرزە دەگرێتەوە ، زۆرتر بەسەر مەڕ و بزندا بڕاوە ، زۆرجار مرۆڤ کە کاری نابەجیٚ و سەرەڕایی دەکات و کارەکانی لەگەلٚ داب و نەریت ناگونجیٚ بەلاّم زەرەر بەخش نەبێت دەلٚێن : هەر زەرەر بە پەزەکان نەگات ، گویٚ مەدەریٚ .

## ڕچــە ، ڕچــە شکێــن :

شکاندنی ڕێگایەکی کەم مەدای بە مەترسییە ، کە کەسێك خۆی دەکاتە خۆبەخت و دەیبڕێت دەوترێت ڕچەشکێنە ، وەك شکاندن و بڕینی ڕێگایەکی مەترسی دار دوای بارینی بەفرێکی زۆر کە کەسێك دەبێتە پێشەنگ و ڕچەکە دەشکێنی و ڕێگاکە دەکاتەوە ، دواتر کەسانی دواوەی بەهەمان شوێن پیٚ ی کەسی یەکەمدا دەڕۆن تا ڕێگاکە بە تەواوی دەکرێتەوە ، کەسی یەکەم دەبێتە ڕچەشکێنی ڕەتلەکە ، مەرج نییە ڕچەو ڕچەشکێن هەر بۆ بەفر و ڕێگا بێت ، جاری وا هەیە دەست پێکردنی هەر کارێکی مەترسی یان کارێك کە خەلٚك سلٚی لیٚ بکاتەوە لەلایەن هەر کەسێکی یەکەمەوە ڕوودات ، ئەو کەسە دەبێتە ڕچەشکێنی دەست پێکردنی کارەکە و وەك کەسێکی ئازا و چاونەترس یان پالەوان سەیر دەکریٚ ، لەلایەن کەسانی دوای خۆیەوە پیاهەلٚدەدریٚ و دەوترێت ڕچەی شکاندووە .

## ئــــاژوت :

دەوترێت فلاّنکەس ئەسپە یەکە ناسەکەی ئاژوت ، واتە ئەسپەکەی کەوتە جولٚە و ڕۆیشتن ئاژوت جولاّندنی شت یان مادەیەکە لە دۆخێکی وەستاو یان نەجولاّوە وە بۆ دوورکەوتنەوە لە شوێنی پێش ئاژوتەکە ، زۆتر بۆ ئاژەلاّن بەکار دەهێنریٚ و جیاوازە لەگەلٚ ڕادان ، کە دەوترێت ڕانەکەی ڕادا واتە ئاژەلٚەکانی جولاّن بۆ لە وەڕاندن ، ڕادان لە ئاژەلاّندا زۆرتر بۆ کۆمەلٚە وەك ڕان ، گایەل کار و بزن بە کۆمەلٚ ، بەلاّم ئاژوت بۆ تاکە وەك ئاژوتی ئەسپ ، ماین ، جۆرەکانی تری وەلاّخی بەرزە ، مەرج نییە ئاژوت و ڕادان هەر بۆ ئاژەلاّن بەکار بێت بەلٚکو سیفەتێکە دەدرێتە پالٚ هەر شت و مادەیەك لە دۆخێکی وەستاوی دیاری کراودا بۆ جولاّندن و دوورکەوتنەوە ، وەك ڕادانی ئاو کاتێك ئاوێك لە شوێنێکدا لەمپەر و ڕێگر لە بەردەم ڕێڕەوی ئاساییدا هەیە و ناجولٚیٚ، ڕێگرە کە لادەدەی و دەلٚێت ئاوەکەم ڕادا .

## پنـــــه :

دەرخۆنەی نان کردنە ، چ لە قوڕ دروست کرابێت یان گەچ و قسلٚ یان داروتەختە ، شێوەی پنە، خڕە و ڕووبەرەکەی لە ڕووبەری نانی ئاسایی تەنوور گەورەترە بە زۆری سێ تا چوار قاچی هەیە ، هەویرەکە دەخرێتە سەری و بە تیرۆك پان دەکرێتەوە تا دەگاتە ئاستی بلاٚوی نانی تەنوری ئاسایی ، وشەی دەرخۆنە ئێستاش کەم و زۆر بەکارهێنانی ماوە ، بەلاٚم وشەی پنە زۆرکەم بەکاردێت و چووەتە لیستی وشە کەلەپورییەکانەوە .

## کـۆڵـەوژ :

دار یان ئاسنی تێکدانی تەنوری نان کردنە ، کاتێك ئاگری تەنورەکە دادەمرکێتەوەو پشکۆ دەخات بەو دارە تەنورەکە ڕادەدەی و پشکۆکان ئەم دیو و ئەو دیو دەکەیت ، بەم دارە دەوترێت کۆڵەوژ داری کوڵەوژ هەمیشە ڕەش و دوکەلاٚویەو سەری ناو تەنورەکەی کەمێك سوتاوە ، سەری دەست گرتنی ئەستورترە ، دەتوانرێت ئاسن و شیش بکرێتە کۆڵەوژ ، بەلاٚم وشەکە زۆتر بۆ دارەکە بەکارهاتووە .

## شـــــوولٚ :

داری تەڕی باریکە ، کە دەبڕێتەوە ، دواتر دەچنرێت و شتی لێ دروست دەکرێت یان سەرێکی گەرم دەکرێت و دەکرێت بە گۆچان و گاڵوك ، مەرجی شولٚ تەڕی و باریکی دارەکەیە ، زۆرجار بە تەڕی جێ جێ بەرگی قەدەکەی لێ دەکرێتەوە ، دارێکی ڕەنگاو ڕەنگی شێوە جوان دەردەچێت ، بڕینەوەی هەموو دارێکی باریك و تەڕ شولی لێ پێك دێت ، بەلاٚم زۆر جار کەسێك لە قسەکردندا سنور دەبەزێنێ و دەچێتە دەرەوەی ئاداب و نەریتی ڕێگە پێدراو و دەوترێت شوڵی لێ هەڵکێشاوە ، واتە سنوری بەزاندووە پێویستە بگەڕێتەوە شوێنی ئاسایی خۆی .

## بـــۆســـۆ :

پاشماوەی سوتاوی مادەیە ، کە بۆنی سوتاوی لێ دێت ، دەستی بۆ دەبەی هەڵدەوەرێ ، جاران کە شوێنێکت بە چەقۆ بڕایە ، دەوترا بۆسۆی لێ بنێ ، بۆسۆ سوتاندنی پەڕۆ یان پارچەیەکی قوماشی تەنك بوو ، کە پاشماوەیەکی خەڵوزی تەنکی هەیە ، دەخرێتە سەر برینەکە بۆ وەستاندنی خوێنەکە و دەوترا بۆسۆی لێ نراوە .

## تەیکە :

سەلەی نان لەسەر دانان یان نان تەڕکردنە ، بە شێوەی سینی یان خڕ دەچنرێت ، لەقەدی ڕووەکی تەڕ دروست دەکرێت ، ئێستا بە شێوەی ئاسایی لەلاستیك دروست کراو هەیە و پیٚ ی دەڵێن سەلە .

## داڵان ، بەرداڵان :

وتراوە وتراوە فڵانە شت لە بن داڵانەکە دانراوە تا باران لیٚ ی نەدات داڵان ، بەر هەیوان یان بەر حەوشەیە ، شوێنێکی تایبەتی ماڵانە ، بۆ دانانی شتی زیاد و ئەوانەی کە جاروبار پێویستن ، داڵان لەوانەیە سەرگیراو بێت یان سەر بەتاڵ ، داڵانی سەرگیراو دەتوانریٚ هەموو ئەو شتانەی لیٚ دابنرێت کە نابێت باران بەری بکەوێت ، داڵان دەکریٚ گەورە یان بچووك بێت بە پیٚ ی گەورەیی و بچووکی حەوشەکە دەکریٚ ئەم لاو ئەو لای داڵان چۆڵ بێت ، یان لایەك و دوو لای چۆڵ بێت ، بە پیٚ ی چۆڵی ئەم لاو ئەو لای داڵان ناوەکانی بن داڵان ، بەر داڵان ، پشت داڵان دێنە ئاراوە بەرداڵان زەوی پێش داڵانەو پشت داڵان زەوی پشت داڵانە و بن داڵانیش لە ڕۆخی داڵانەوە دەست پیٚ دەکات .

## بەردەبان ، ئاوێژگە :

وەك چۆن بوار شوێنی پەڕینەوەیە لە ئاوی ڕوبار و چەمەکان ، بەردەبازیش شوێنی پەڕینەوەیە ، بەڵام بوار جیاوازە لەبەردەباز ، بەردەباز بە زۆری پیٚ ی ڕێبوار تەڕ نابێت ، ئاوی بەردەباز ئاوێکی خوڕی دەنگ بەرزە ، جیٚ جیٚ بەردی گەورە لە ناو ئاوەکەدایە کە سەری بەردەکان ئاوی پیٚ ناگات و ڕێبوار دەتوانیٚ بەسەری بەردەکاندا بپەڕێتەوەو پێڵاو دانەکەنیٚ ، بەردەباز لە هەموو شوێنێکدا نیە و بەزۆری لە هەوراز و نشێوی ڕێڕەوی ئاودا هەن و دەوترێت فلانە شوێن بواری بەردەبازە ، ئاوێژگە ، شوێنێکی نسرمە پێشتر ئاوی هەبووە ئێستا ئاوی لیٚ نییە و وشکە ، بەڵام شیٚ ی هەیە و خاکەکەی نەرمە ، دەوترێت پێشتر ئاوێژگە بووە ، ئاوێژگە ، ڕەنگە لە وەرزی زستان و بەهاردا بتەقێتەوە و دوبارە ئاو بێتە دەرەوە .

## شەوارە ، شەوپاتە :

شەوارە دیاردەیەکی باوە لە ڕاوکردندا بەکاردێت و تا ئێستاش پیادە دەکرێت ، لە شەوارەدا تیشکێکی بەهێزی وەك لایتی دەستی دەدەیت لە چاوی نێچیرەکە تا ئاگای لە دەورووبەری نامێنێ و دەسگیر دەکرێت شەوپاتە ، مانەوەی چێشتی شەوانە ، جاران کە کارەبا و ئامێرەکانی فێنك کەرەوە نەبووە زۆرجار چێشتی زیادەی شەوان ماوەتەوە لە شوێنی فێنك و شێداردا ، دادەنرا تا تێك نەچێت بۆ ڕۆژی دوایی دەمایەوە پیێ یان دەوت چێشتی شەوپاتە ، هەموو چێشتێك بۆ شەوپاتە هەڵنە دەگیراو هەندێکیان تێك دەچوون بە تایبەتی لە وەرزی هاوین و شەوە گەرمەکاندا ، جاریش بووە چێشتەکە دەمایەوە تێك نەدەچوو لە ڕۆژی دوایدا شوان و گۆخڵ و سەپان .... هتد دەیان خوارد و دەوترا چێشتی شەوپاتەیە .

## هەناری بن دەس ، سێوی سەرلق :

جارێکی تر دەبێت باسی هونەرمەندی گەورە (حەسەن زیرەك) بکەین بە ڕای من زیرەك جگە لەوەی هونەرمەندێکی گەورەیە فۆلکلۆر زانێکی بە زەخیرەیە ، هێندە گەڕاوە ، شتی کەلەپوری بینیوە لە گورانیەکانیدا خزمەتێکی زۆری فۆلکلۆری کردووە چەندەها وشەی فۆلکلۆری زیندوو کردۆتەوە ، لە فەوتان ڕزگاری کردووە لە گۆرانیەکیدا دەڵێت : سێوی سەر لقانی ، هەنار و سێو دوو میوەی باو و بە تامی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانن ، لە زۆر شوێنی کوێستان و گەرمیانی کوردستاندا هەن ، هەنار واباوە تا بارانی پاییز لێ ی نەدات تامی خۆش نادات بەدەستەوە . ئەوانەی کە هەنار دەڕنن ، دەبێت شارەزاییان هەبێت لە کردنەوەی هەنارەکان و ئەو هەنارانە بڕنن کە تەواو پێ گەیشتون ، هەناری ئاودار کە پێ گەیشت قورسە و سەری قەدی ڕووەکە کە دەچەمێت بۆ خوارەوە ، بۆیە وتراوە هەناری بن دەس واتە ئەو هەنارەی کە بن دەستی داوە و سەری ڕووەکەکەی چەماندۆتەوە بۆ خوارەوە لێ ی مەترسە و بیکەرەوە ، بە پێچەوانەوە سێو و داری سێو قەد و ڕوەکەکەی باڵا دەکات لقەکان ڕاستەوخۆ دەچن بە ئاسماندا بۆیە ئەو سێوانەی دەکەونە سەری لقەکانەوە ڕاستەوخۆ لێ ی بکەرەوە دڵنیابە لە سێوەکانی تر زیاتر گەییون و ئامادەن بۆ لێکردنەوە .

ئەوانەی کە هەناروسێو دەڕنن ، هەمیشە پێوانە بۆ ئەم پەندە کوردییە دەکەن ، دوو دڵی لە هەناری بن دەس و سێوی سەر لقاندا ناکەن و یەکسەر دەست بۆ لێکردنەوەی دەبەن ، مەرج نییە سێو و هەنارەکانی تر نەگەیبن یان کاتی لێکردنەوەیان نەهاتبێت ، بەڵام هەناری بن دەس و سێوی سەر لق دوو دڵی ناوێ و دەڕنرێت .

هەندێك لە ڕنینی میوەکان پەیوەندی بە کاتەوە هەیە لە وەرزەکاندا دەڕنرێت ، وەك میوەی ترێ هەیە لە وەرزی هاوین و پایزدا دەڕنرێت ، ڕەنگە ناوچە لەگەڵ ناوچەدا بە هۆی گەرمیەوەجیاوازی هەبێت بەڵام پەندە کوردیەکە دەڵێت :

که گەلاوێژ کەوتە سەرکێو

دەس بەرە بۆ بەری مێو

گەلاوێژکەوتن ، بینینی ئەو کۆمەڵە ئەستێرەیەکە کە لە سەرەتای وەرزی پایزدا لەسەر کێو و شاخەکان دەردەکەن و دەوترێت گەلاوێژ کەوتووە ، واتە ئیتر وەرز وەرگەڕاوە گەرمای هاوین نامێنێ و سەرمای وشکی شەوان دەست پێدەکات ، نیشانەیە بۆ خۆ کۆکردنەوەو خستنی ئازوقەی زستانە .

پاییز ، وەرزێکی ناسازەو شەوانی سارد و ڕۆژانی گەرمێکی بێزارەکەرە ، دەوترێت خۆری پاییز ناسازە ، سەرمای شەوانیش پێشت دەقڵیشێنی و ئاماژەیە بۆ شاردبوونی ئاو و هاتنی

پاییز ترێ میوەیەکە لە دەست و دەردا بەڕەز ناودەبرێ ، بە تایبەتی ترێ ڕەش لە وەرزی پاییزدا تام و لەزەتێکی تایبەتی هەیە و زۆرتر دەخورێ دەوترێ ترێ ڕەش پاییزە .

ترێ زۆرتر لە وەرزی پاییزدا دەڕنرێ کە گەلاوێژ کەوت پێویست ناکات بزانیت تر ێکە گەیشتووە یان نا بەڵکو دەس بەرە بۆ مێوەکە و ترێکە بکەرەوە بەکەوتنی گەلاوێژ کە نیشانەی هاتنی وەرزی سەرماو گۆڕانی پلەی گەرمییە ئەم پەندە ترێ ی سپیش دەگرێتەوە بەلام پاییز و ترێ ڕەش لێکدراون بە یەکەوە واباوە ترێ ی ڕەش لەپاییزدا خواردنی سوکترە لەوەرزی هاوین .

## باژەڵە :

نەخۆشیەکی دروست کراوی ئەفسانەییە ، زۆتر لە منداڵدا هەیە و پێستی سەر مێزڵدانی منداڵ پێ ی دەوترێ باژەڵە ، منداڵی تازە لە دایك بوو یان کەمتر لە یەك ساڵ زۆر جار زۆر دەگری و هۆی گریانەکەی نەزانراوە لە ئەنجامی بەردەوامی گریان و قیژەی منداڵەکەدا پێستی سەر میزڵدان و یان گونی منداڵەکە ڕەپ دەبێت و ڕەنگ و زۆر جار (فدقی) لێبکەوێتەوە ، منداڵەکە دەبەنە لای ئەو ژنانەی کە شارەزایی ئەفسانەیی منالان و نەخۆشیان هەیە و دەڵێن زۆر دەگری ، ژنەکە دەس دەدات لە میزڵدانی منداڵە و دەڵێت باژەڵەیەتی زۆر جار بە موس یان ئامێری نووك تیژ باژەڵەی منداڵەکە بریندار دەکات و خوێنی لێ دێت تا باژەڵەکە نەمێنێت .

لە ڕووی تەندروستییەوە نەخۆشەیەك نییە لە پێستی منداڵدا و بەو شێوە ئازاری بدا کە گریانەکەی نەوەستی ئەمە بیروباوەڕێکی ئەفسانەییە لە ڕووی تەندروستییەوە منداڵی تازە لە دایك بوو زۆر جار تا چلەی دەچێ یان بووەستێ مانگ ئازاری ناوسکی هەیە و دەگری چارەسەریشی لای دکتۆری پسپۆڕی منالان دەکرێت نەك پڕوپیرێژنی کەم ئەزموونی زانیاری تەندروستی ، باژەڵە ، وەك نەخۆشی پێست بوونی نییە ڕەنگە ئەو ڕەق بوون و دەرکەوتنە ئەنجامی بەردەوامی گریانی منداڵەکە بێت ، بڕینی باژەڵەش جگە لە ئازار و بڕینی پێستی منداڵەکە هیچ چارەسەرێکی تەندروستی نییە ، باسکردنی باژەڵە لێرەدا زۆرتر مەبەستمان وشەکە و لایەنە ئەفسانەییەکەی نەخۆشیەکەیە .

## زرك ، زەرك :

زڕك ، زرکە تاڵ ، میوەی کاڵەکە کاتێك نەگییوە ڕەنگی زۆر سەوز و کاڵە و نەگەییوە کاتێك کە بڕکی کاڵەکەکەی دەکەویتەوە تامی تاڵە و ناخورێ ، پێ ی دەوترێت زرکە تاڵ ، ڕووەکی گوژاڵکیش لە ڕووەکی شەمامە دەچێت هەمیشە تاڵە و ناخورێ پێ ی دەوترێت زرکە تاڵ زرکە

تاڵی کاڵەك کە کەمێك پێ گەییو ڕەنگی هەر سەوزە بەلام تامێکی مزری خۆشی هەیە و پێ ی دەوترێت زرك .

زرك قۆناغی دوایی زرکە تاڵ و پێش زەرد بوونی کاڵەکە .

زەرك کوپەیەکی بچووکی لە قوڕ دروست کراوە بۆ هەڵگرتنی ئاو و سادبوونی ئاو وەك گۆزە ، ڕەنگە هەر گۆزەش لە هەندێ ناوچە بەزەرك ناوببرێت ئاوی زەرك لەشەوانە پاییزدا زۆرسارد دەبێت .

## گاقۆڕان

دەوترێ ئەو بیرەی لە گاقۆڕاندا لێبدرێ و بگاتە ئاو ووشك بوونی نییە ، گاقۆڕان ماوەیەکی کەمی تەمەنی وەرزی پاییزە دەکەوێتە پێش باران بارین پێش پەڵە و بارانی پەڵە زۆرتر لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولەوە دەست پێدەکات کە ئیتر گەرما تینی نامێنێ ئاوی ژێر زەوی زۆر کەم دەبێتەوە زۆربەی بیری ماڵان لە گوندەکاندا وشك دەبن .

لە هەندێ ناوچەدا کە ڕەشەبای بەهێز دەیگرێتەوە بیرەکان زۆرتر وشك دەبن بە بەراورد بەو شوێنانەی کە ڕەشەبا نایگرێتەوە .

ڕەشەبا ، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر کەم بوون و ووشك بوونی ئاوی بیری ماڵان هەیە .

لەم کاتانەدا کە ئاو زۆر کەم دەکات خەڵك دەست دەکەن بە هەڵکەندنی بیری ماڵان ، لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی :-

هۆی یەکەم : چونکە ئاو کەم و داچووە ، دەتوانرێت بە ئاسانی بیرەکە قوڵ لێبدرێ و قوڕ و لیتەی ئاو ڕێگر نین لە هەڵکەندن و قوڵ بوونی بیرەکە .

هۆی دووەم : دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەندن و قوڵی بیرەکە ، تا بیرەکە قوڵتر لێبدرێ و درەنگ بگاتە ئاو ، لە دواییدا کە گەیشتە تەقینی ئاو بەهۆی قوڵی بیرەکەوە ئاو زیاتر دەگرێ بە تایبەت لەو شوێنەی کە گەیشتە ئاو بتوانرێت (٣ تا ٤) مەتر زیاتر بەرەو قوڵایی بیرەکە هەڵکەندن بەردەوام بێت ئەو بیرانەی کە لە گاقۆڕاندا لێدەدرێن و دەگەنە ئاو ، زۆر بەدەگمەن ووشك دەبن و هەر چوار وەرزەکە ئاوی تیا دەمێنێ دەوترێت لە گاقۆڕاندا لێدراوە لە ئێستادا بە هۆی وشکە ساڵییەوە زۆربەی بیری ماڵان لە گوندەکاندا ووشك بوون .

بەدەگمەن بیر هەن وشك نەبن لە وەرزی هاویندا ڕەنگە جگە لە ماوەی گاقۆڕان لە کات و وەرزەکانی تریشدا بیری ماڵان لە گوندەکاندا لێ بدرێت بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی ئاوی ژێر زەوی لە کوردستاندا نزیك ڕووی زەوییە ، باشترین کاتی لێدانی بیری ماڵان ماوەی گاقۆڕانە .

گاقۆڕان وشەیەکی لێکدراوی هەر دوو وشەی (گا + قۆڕانە) قۆڕان کرداری هاوارکردنی گایە بۆ نان یان ئاو یان پێویستییەکانی تری ئاژەڵەکە لەو نێوەندەی کە تیایدا دەژی .
قۆڕان وشەیەکە زیاتر دەدرێتە پاڵ گا لە هاوارکردندا هاوارکردنی مانگا بە بۆڕان ناودەبرێت قۆڕان و بۆڕان دوو وشەن زۆرتر بۆ ئاژەڵی ڕەشەوڵاخ بەکاردێت .

## کوانو

کوانو جۆری زۆرەو بە چەند جۆرێك دروست دەکرێ شیاوترینیان ئەو جۆرەی کوانوە کە لەسەر زەوی بە بەرد یان دیواری تەنکی قوڕ دروست دەکرا بۆ مەبەستی چێشت و چا لێنان و شتی تر .
بەوەی داری وشك دەکرێتە ناو کوانوەکەو تۆزێك نەوت یان پوش و پەڵاش دەکرێتە سەر دارەکان ئاگر بگرن و سەرەتابن بۆ گڕگرتنی دارەکان کە دارەکان گڕیان گرت بە ئاگرەکەی چێشت و چا لێدەنرێ ، یاخود بۆ هەر مەبەستێکی تر یان ئاو گەرم کردن بەکاردێت .
باشتر وایە کوانو ئەگەر لە قوڕ دروست کرا کونی بچوك بچووك بۆ ئاڵ و گۆڕی هەوا هەبێت یان کوانو لە بەرد دروست کرا نێوان بەردەکان کەلێنی هەواکێش هەبێت ، ئەم کوانوی ئاساییە لە ژووری نیشتمان یان شوێنی لاچەپی ماڵاندا دروست دەکرا تا ئاگرو دوکەڵی ئاگرەکە دوور بێت لە شوێنی دانیشتن و نوستنی ماڵان .
جۆرێکی تری کوانو ، تەنها بە قوڕ یان تەنەکە دروست دەکرا لەبەردەم دەرگای سۆبەی داری ماڵاندا کە دارەکان (بە زۆری داربەڕوو دەسووتاو پشکۆی باشی دەبو) دەسوتان دەبوونە پشکۆ بەمەقاش پشکۆکان دەردەهێنرایە دەرەوە بۆ ناو کوانوی بەردەم سۆبەکە بەمەبەستی ئامادەکردنی چا یان گەرم کردنەوەی چێشت و خواردنی سوکە لە ئێستادا کوانو زۆر جۆری تری لێکەوتۆتەوە بەشێکیان تا ئێستا ماون و بەکاردێن لە ڕۆژانی سەیران و گەشتدا بۆ برژاندنی گۆشت و ئەو خواردنانەی لە گۆشت دروست دەکرێن بەڵام ئەم شێوەی کوانو گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە قوڕ دروست ناکرێ و پێ ی دەوترێ مەقەڵ ، کە لە هەمان جۆری سادەی کوانوە بەڵام بە گۆڕانی زیاتر و بەکارهێنانی جیاوازتر ، مەبەستێکی تری بەکارهێنانی وشەی کوانو لە جیاکردنەوەی هۆزوتیرەدا بەکاردێت و زۆر جیاوازە لە مەبەستی یەکەم .
ئەوەی دەوترێ فلانەکەس لە کوانوی فلان هۆز و تیرەیە ، لێرەدا کوانو بەمەبەستی گەڕانەوەی تاکە بۆ هۆز و تیرەکەی یاخود دەڵێن کوانویان وایە واتە هۆز یان کۆمەڵە کەسێك سیفەتێکی تایبەتی بە خۆیان هەیە و پیادەی دەکەن و بەو سیفەتە دەناسرێنەوە دەڵێن کوانویان وایە جاری وایە سیفەتێکی بۆماوەی خێزان کە لە تاکێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ تاکی تر و باز

دەدات بەسەر ئاستەکاندا لە تاکێکدا هەمان سیفەت ڕەنگ دەداتەوە دەوترێت هەمان کوانوی فلآنەکەسی باپیری پێشویانە ، هەر چەندە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کوانو شێواز و جۆری تازەی بەسەردا هاتووە هەندێکیان تا ئێستاش بەکاردێت بەلآم مەبەستی ئێمە لێرەدا کوانوی قوڕە کە بەو شێوەیە سەرەتاییەی جاران بەکارهێنانی نەماوە ، وە ئەو کوانوەی دەدرێتە پاڵ جیاکردنەوەی هۆز و تیرە .

## بەهاربەند :

وشەیەکی لێکدراوە لە دوو وشەی بەهار و بەند ، هەر دوو وشەکە بە یەکەوە بە شوێنێکی تایبەتی دیاری کراو لە بەهاراندا وتراوە ، لە وەرزی بەهاردا دوای بەسەربردنی وەرزی زستان و وەیشومەو باران کە کەش و هەوا دەگۆڕێ گژ و گیاو تۆڵەکە سەر دەردێنێ لە پارچە زەوی یەکی نزیک مالآندا و زۆرتر لە شوێنی چەپدا کە سەرە ڕێگە نەبێت پارچە زەویەك دیاری دەکراو شورەیەکی بچووکی دیواری بەدەوردا دەکرێ و پێ ی دەوترێت بەهاربەند .

بەهاربەند زۆرجار ئەسپ ماین یان ولآخی بەرزی لێ دەبەسترێتەوە ، شورەکە تایبەت دەبێت بەو ئاژەڵە ، جاروبار مریشك و قاز و مراویش دەکرانە بەهارە بەندەکەوە ، بەتایبەتی ئەو مالآنەی کە ولآخی بەرزەیان نییە .

مەرج نییە هەموو ماڵێك بەهار بەندی هەبوبێت یان جاری وابووە بەهاربەندێك بۆ چەند ماڵێك بەکار هاتووە ، لە چمکێکی پارچە زەوی تەرخان کراو بۆ بەهارەبەندەکە ، چاڵێکی ئاو دروست دەکراو دەبووە چالآوو باڵندە ئاوی لێدەخواردەوە شورەی دیواربەند بە ماددەی جیاجیا دروست دەکرا وەك ، حەسیر یان قامیش یان دار و تەلەزی ، دەرگایەکی بچووکی بۆ دروست دەکرا بەلآم سەری بەهاربەند نەدەگیراو هەتاو دەیگرتەوە .

بەهاربەند زۆتر لە وەرزی بەهاردا دروست کراوە ئەگەر لە وەرزەکانی تریشدا شوێنەکە یان شورەی شوێنەکە بمایایەتەوە کەمتر تێك دەدرا و زۆربە دەگمەن بەکار دەهات بەتایبەتی لەوەرزی زستاندا ئەگەر لە وەرزی بەهاری داهاتوودا شورەی بەهار بەند نەمایە بەهەمان شوێوەی جاران دروست دەکرایەوە لە هەمان جێگەی تەرخانکراوی بەهاربەندی پێشوودا . ڕەنگە وەرزی هاوین تا پاییزانێکی درەنگ بەهابەند جاروبار بەکار بهاتایە بەلآم تایبەت بوو بە وەرزی بەهار و بە ناوی وەرزی بەهارەوە ناونراوە .

## زاخه ، هەوراو ، گۆشتەزەوی :

زاخە : ئەو پارچە زەویەیە کە خڕە بەرد و بەردەڵانییە ، کەمتر دەکێڵرێ لەبەر زۆری بەرد و بەردەڵان ، بەزۆری پارچە زەوی زاخە دەکەوێتە بن شاخ و پاڵ مەقان و پاڵ بەرزاییەکانەوە زەوی زاخە زۆر ساڵ بە بارە لە زەوی بە باریشدا هەپڵۆك و فیشۆك و قنگر و گژوگیا سەوز دەبێت .

زۆر جار وردە بەردەکانی ناوی زەوی زاخە کۆدەکرێتەوە ، گردۆلکەی بچوك بچوکی بەردین لێ دروست ئەکرێ بە مەبەستی کێڵانی زەوییەکە بۆ مەبەستی کشتوکاڵی ئەو زەویانەی کە دەکەونە چواردەوری پارچە زەوییە زاخەکان و نزیك بە مێرگ و نسرمن ، خڕە بەرد و بەردەڵانی نین پێ یان دەوترێ سەیل ، بە پێچەوانەی زاخەوە سەیل نەرم و شێدارە ، زۆر جار پاش بارانی زۆری زستان لە کاتی چونە سەر پارچە زەوی سەیالڕا قاچی مرۆڤ ڕۆدەچێت ، لە پاڵ سەیلاودا ئەو پارچە زەویانەی کە نەرم و تەخت و بە بڕشتن بۆ کێڵان پێ یان دەوترێ گۆشتە زەوی .

گۆشتەی زەوی لە پارچە گۆشت ڕانی ئاژەڵ دەچێت بۆیە وا ناونراوە ، بەزۆری زەویەکە ڕەش و بێ بەرد و تەختە بۆ کێڵان ، گەنم و جۆ لە گۆشتە زەویدا باڵادەکات و لە پارچە زەوییەکانی تر بە بڕشترە گۆشتە زەویش بە زۆری دەکەوێتە پاڵ مێرگ و دۆڵ و شوێنی شێدار و ئاودار و نسرمەوە پێچەوانەی قومەڵان ئەو پارچە زەویانەی کە بە زۆری قوم و لمن ، دەکەونە بەرزاییەکانەوە کەمتر بەکەڵکی کێڵان دێت ، زۆر جار دومەڵان لە قومەڵاندا دەردەکەوێت ، پارچە زەوی قومەڵان زۆرتر بەرزاییەکان یان تاوێر و نزیك شیو و دۆڵی ئاو و ئەو زەویانەن کە بەکەڵکی کێڵان نایەن هەوراو بەو پارچە زەویانە دەڵێن کە تەخت و شەق سەقن بەزۆری دەکەونە چەم و تەختاییە ئاوییەکانەوە کاتێك ئاوەکان وشك دەبن پارچە زەوییەکان شەق شەق دەبن و ساف و بێگەردن هەوراو لە دۆڵ و شیو و ناو چەم و ڕووبارەکاندان یان ئەو پارچە زەویانەی لە زستان و بەهاراندا ئاویان تیاکۆدەبێتەوە بە شێوەی ئەستێڵ و بەنداوی بچووك ، کە هاوین ئاوەکە دەبێتە هەڵم و وشك دەبێت پارچە زەوییەکە شەق شەق دەبێت دەوترێت ئەو زەوییە هەوراوە شینکە و سورە زەویش کەمتر بەکەڵکی کێڵان دێت یان گەنم و جۆ لەم دوو جۆرەی زەوییدا باڵا ناکات ، شینکە بەو پارچە زەویانە دەڵێن کە ڕەنگی شین دەنوێن ، لە هەردە و لامل و لێژییدا لە دوورەوە شین دەکەنەوە سورە زەویش ڕەنگی سورە ئەگەر بکێڵرێت باڵای قەرسیلەکە نزمە و دەوترێت سورە زەوییە و خاکەکەی پتەو نییە ، زۆر جاران شینکە و سورە زەوی و ڕەشە زەوی بەکەڵکی کێڵان دێت و ڕەشە زەوی لە هەر دووکیان پتەو و بە بڕشترە بۆ دەغڵ و دان .

## مزرۆکە :

دەگێڕنەوە کابرایەك زۆر حەزی بە چێشتی مزرۆکە کردوە گەیشتۆتە هەر ماڵێك داوای مزرۆکەی کردوە پاڕاوەتەوە کە بۆی لێ بنێن ، بۆیە ناویان ناوە (حاجی مزرۆکە) مزرۆکە یان ترش و شلەیەکی کوردەواری بەتامە تا ئێستاش لە زۆرشوێندا دەکرێ یان پیاوە بە تەمەن و بە ئەزموونەکان حەز بە خواردنی دەکەن ، شێوەی لێنانی مزرۆکە و کەرەسە پێویستییەکانی هێلکەی کوردی و ڕۆنی کوردی ترشە سماق و پیازە ڕۆنەکە لە مەنجەڵێکدا لەسەر کوانو یان ڕەژووی دار داغ دەکرێت و پیاز دەکرێتە ڕۆنە داغ کراوەکەوە تا بقرچێت پاشان ئاو دەکرێتە ناو ڕۆنەکە تا تەواو دەکوڵێ کە ئاوەکە کوڵا ترشە سماقی وورد و هاڕاوو بێژراوو لەگەڵ هێلکەی کوردی دەکرێتە ئاوەکەوە تا شۆربایەکی تایبەت و بەتامی لێ دروست دەبێت پێ ی دەوترێ مزرۆکە .

مزرۆکە جگە لەوەی خواردنێکی بەتام بووە ، بۆ سك چوون و سك ئێشەش بەکارهاتووە ، بەڕادەیەك هەر کەسێك سکی بچوایە مزرۆکەیان بۆ ئامادە دەکرد .

مزرۆکە بە شێوەی نانەوڵاو وەك شلەش لەگەڵ برنجدا دەخورا ، کە هێلکەکان دەکرێتە ئاوی گەرمی کوڵاوەوە زەردێنە و سپێنەی هێلکەکە زۆر جار بە خڕی و تۆپەڵ و پارچە پارچە دروست دەبن دەکەونە سەر ئاوە کوڵاوەکەوە تام و ڕووە کە لە پوریەکەی مزرۆکە لەوەدایە کە هێلکەکە کوردی بێت و ڕۆنەکەرە یان ڕۆنی هیزە بۆ لێنانی بەکار بێت .

دەکرێت مزرۆکە بە هێلکەی ئێستا و ڕۆنی تریش جگە لە ڕۆنی کوردی بکرێت ، بەڵام هەمان تام و ڕەنگی پێشوی نابێت ، ئەوانەی کە تامەزرۆی مزرۆکەن مەبەستیان هێلکە و ڕۆنە کوردییەکە بە ترشی سماقەوە .

مزرۆکە تامێکی ترشی تایبەتی هەیە بۆیە لە زۆر شوێن پێ ی دەوترێت ترشاو ، جگە لە خۆشی بەتامییەکەی مزرۆکە لە کۆندا فریادڕەسی میوانی ناوەخت و خانەخوێ بووە چونکە ئاسان لێدەنراو هەموو کاتێکیش هێلکە و ڕۆن لەماڵاندا بوونی هەبووە .

## مێخ ، مێخنجیر ، قولاب :-

**بزمارە و بزمارە ، بزمار نییە مێخە .**

**یارم کچـــــــــــە شــــــــێخە .**

ئەم دێرە بەیتە فۆلکلۆریە گورانیەکی باو بووە ، بەسەر کچە شێخدا هەڵدراوە بە هۆی حوکم و دیاردەی ئایین و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان هەمیشە شێخ و مەلا و مەلازادەکانی کوردستان بە هۆی هاتووچۆی شار و کەمتر سەرقاڵ بوون بە کاری گوند و ئاژەڵداری و

کشتوکاڵییەوە لە خەڵکانی تر پۆشتە و پەرداخ تر بوونە ، بۆیە وەك دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێشی تاکی کورد بە تاسەوە ئاواتە خوازبووە یاری کچە شێخ بێت و ئەو دێرە لە دایك بووە .

مێخ بەهەمان شێوەی بزمارە ، ڕەنگە لە بزمار گەورەتر بێت و سەرێکی پانتری هەبووە بۆ داکوتاندن بەقەد دیوار و سەر زەویدا ، بۆ بەستنەوەی کەرەسەو شت و مەك لە بابردن یان هەڵواسینی جل بەکارهاتووە .

مێخ هەمان شێوەی بزمار ، بۆ هەمان ئەو کارانەش بەکارهاتووە کە بزمار دەیکات ، بەڵام مێخ سەرپانتر و گەورەترە بە ئاسانی لە کاتی بینیندا لە بزمار جیادەکرێتەوە مەدای بەرکارهێنانی لە بزمار فراوانترە .

مێخنجیر جیاوازە لە مێخ و لە مێخ گەورەترە بە پێچەوانەی مێخەوە هەر لە زەویدا دادەکوترێت . کونێکی گەورەو ئەڵقەیەکی تێدایە ، زۆرتر بۆ بەستنەوەی وڵاخی بەرزە ((گوێدرێژ، ئەسپ ، ماین)) لەبەهاربەند و شوێن خەرمان و سەران گوێلك و شوێنی تردا بەکارهاتووە ، بەوەی مێخەنجیرەکە تا ئەڵقەکە لە زەویدا داکوتراوە بەشریت یان گوریس وڵاخەکەی بەدەست یان ملەوە پێوە بەستراوە تا دوورنەکەوێتەوە ، دەتوانرێت قولاپ لە شێوەی ئاسایی پیتی M ی ئینگلیزی دەربچێت و چەماوەی زۆری بۆ دروست بکرێت .



وێنەی قولاپێکی ئاسایی

زۆرتر لەسەر کونەڵان و سەربیر دادەنرا ، کاتێك دۆلکەی ئاوهەڵکێشانی بیرەکە دەکەوتە ناو بیرەکەوە بە گوریس یان شریت کە لە ناوەڕاستی قولابەکە دەبەستراو قولابەکە شۆڕ دەکرایە ناو بیرەکەوە بە گوریسەکە یاری بە قولابەکە دەکرا تا لە دۆلکەکە گیردەبوو پاشان ڕادەکێشراو دۆلکە نقوم بووەکەی دەهێنایە دەرەوە .

تا قولابەکە چەماوەو دەمی زیاتر بوایە ئاسانتر لە دۆلکەکە گیر دەبوو بە ئاسانی ، دۆلکەی ئاوەکە دەردەهێنرا قولابی بیر ، جیاوازە لە قولابی ماسی گرتن ، قولابی بیر شیشێکی ئەستوری چەماوە بوو تەنها بۆ شت کەوتنە بیرەوە بەکاردەهات .

قولابی ماسی ئێستاش بەکاردێت ، بەڵام بە شێوە سەرتاییەکەی جاران نییە و گۆڕانی بەسەردا هاتوە ، قولابی بیر ئێستا بەکارهێنانی نەماوە ئاو دەرهێنان بە دۆلکە زۆرکەم بوەتەوە ڕەنگە بەدەگمەن لەو گوندانەی کارەبایان پێ نەگەییوە ، دۆلکە بۆ ئاو هەڵکێشان بەکار بهێنن .

## کۆتر لە دێرە فۆلکلۆریەکاندا :

زۆر دەمێکە وتراوە کۆتری سپی نیشانەی ئاشتییە ، بە گشتی کۆتر مەلێکی خۆشەویستە لە ناو خەڵکیدا و باڵدارێکی بێ وەی و هیچ زیانێکی ئەوتۆی بۆ مرۆڤ نییە ، جگە لەوەی ماڵی دەکرێت ، ئێستاش لە زۆر شوێن و گوندی کوردستاندا لە ژێر گوێسەبانە و شوێنە بەرزەکاندا هێلانەی لە داروتەنەکە بۆ دروست دەکرێت و بەخێو دەکرێت و زاوزێ دەکات .

جۆرێکی تری کۆتر ، کۆترە باریکەیە ، ئەم جۆرەی کۆتر لە کۆتری ئاسایی بچوکترە و خوێندنیشی جیاوازە کەمتر ماڵی دەبێت ، بەڵام لەسەردار و شوێنە نزیکەکانی نیشتە جێ بوون دەنیشێتەوەو دەخوێنێ .. دێرە گۆرانییەکی فۆلکلۆری دەڵێ :

کۆترە باریکەی دارە و دار دەکات

ئەمڕۆ لێرەیە و سبەی باردەکات

ئەم دێرە دووجۆر بیرکردنەوەی مەدا جیاواز دەبەخشێ مەبەستی یەکەم ئاواتە خوازبوونە بە کۆترە باریکە کە هەر شوێنێکی بوێت دەچێت و لەهەر شوێنێ تەری بێت دەفرێت وجێی دێڵێت .

زۆرتر دەربڕینی عاشق و دڵدارانە بەرامبەر یار و خۆشەویستەکانیان کە ئاە و خۆزگە بە کۆترە باریکە دەخوازت تا هەر کاتێ بیانەوێت بچن بۆ لای خۆشەویستەکانیان و ئەو کاتەی زویربن جێ ی بێڵن تەنانەت هەموو جوڵە و خوێندن و گفتوگۆیەکی نێوان کە و کۆتریان شوبهاندووە بە بەینی دڵداران و خۆشەویستان لەم دێرەی تردا وتراوە :

دوو کەو و دوو کۆتر گفتوگۆیانە

باسی کێشمە کێش من و تۆیانە

دەربڕینی ئەم بەیتە فۆلکلۆرییە ڕەنگدانەوەی دوودڵدارە کاتێك لەیەك زویر دەبن ومشت ومڕ دەکەوێتە نێوانیان تەنانەت کە کۆتر وکەوەکان لەیەکتر گیف دەبنەوەو بەرامبەریەك دەخوێنن ئەمان واهەستیان کردووە باسی کێشەی نێوان ئەوان دەکەن، چونکە هێندە لەکێشەو گیروگرفتەکانی نێوانیان قوڵ بوونەتەوە ڕەنگدانەوەی لەسەریان هەبووەو لەجیهانێکدا تێکەڵ بوون واهەستیان کردووە خەڵکی هەمووی ئاشنایە بەکێشەوگرفتەکانیان تەنانەت کە وکۆتریش.

بە دیوێکی تردا وتراوە :

دوو کەو دوو کۆتر دوو ماری جەنگی شەڕیانە لەسەر کەوشی فەڕەنگی

مار جۆری زۆرە ماری جەنگی ، عاشقە و باشقە ، ماری بێ وەی ، ماری جەنگی ، ئەو مارانەن کە شەڕانین لێ ی نزیك بێتەوە دەفیشکێنێ و حەزی بە پێوەدانە یاخود بەرامبەر ماری تر دەجەنگێ و حەزی بەشەڕ و پێوەدانە .

عاشقە و باشقە دوو مارن هەمیشە بەیەکەون و لەیەك دەئاڵێن و بێ یەك هەڵ ناکەن .

تا ئێستاش واباوە هەر کەسێك مارێکیان بکوژێت ئەوی تر ئەو ناوچەیە جێ ناهێڵێ تا تۆڵەی هاوڕێ کوژراوەکەی نەکاتەوە ، تەنانەت خەڵك بە ترس و وریاییەوە دەچنە شوێنی ڕووداوەکە و دەڵێن ماری عاشقە و باشقەی تێدایە و یەکێکیان کوژراوە .

شتی واش ڕووی داوە چەندەها گێڕانەوەی وا هەیە لە فلانە جێگەدا مارێکی عاشقە کوژراوە مارەکەی تر لە ناوچەی ڕووداوەکەدا بەهەمان کەسی بکوژ یان هەر کەسێکی داوە کە چووبێتە شوێنی ڕووداوەکە و لەوشوێنەدا خۆی مەڵاس دەدا تەنانەت وتراوە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی زۆر لە نێوان مارە زیندوەکە و هاولاتێکەدا ڕووی داوە ، زۆر بە زەحمەت مارەکە کوژراوە ، هەوڵ و هێرشی تەواوی داوە تا تۆڵەی عاشقەکەی بکاتەوە لە دواییدا دوای تۆڵە ژیان بەلای مارەکەوە بایەخی نەبووە و ڕەچاوی ئەوە کراوە دوای تۆڵە سەندنەوە کوشتنی ئاسانترە ماری بێ وەی ئەو مارانەن تا ئازاریان نەدەی یان تەواو تەنگەتاو نەبن بەکەسەوە نادەن و هێرشی ناڕەوا ناکەن .

## کلاوێن :

شەوانی زستان دووردرێژە ، کلاوێن تاکە بڕەری شەوی تەڕوتوش و ساردی زستانە ، خۆشی وشادی کلاوێن لەوێدا کۆدەبێتەوە کە دەتوانرێ زۆربەی خەڵك لە گوندەکەدا لە دیوەخان یان قەلا یان شوێنێکی گشتیدا کۆبکاتەوە .

هەموو خەڵکەکە دەتوانن بەشداری یارییەکە بکەن و ڕایان هەبێت لە فت و گوڵی یارییەکە یارییەکە کە لە گوندەکاندا دەکرا هەر جارەی لە شوێنێ کۆمەڵێك بەشداری تێدا دەکەن .

بەوەی خەڵکەکە دەبێتە دوو گروپ و بەرامبەر یەك دەوەستن .

کلاو یان هەر پارچە قوماشێك کە بەزۆری ژمارەیان ٩ دانەیە دەهێنن و لە نێوان هەر دوو گروپەکە دای دەنێن ، بە زۆری دەبێت کەرەسەکان کلاوبێت چونکە کلاو قوت و بەرزە و دەتوانرێ شت لە ژێریدا بشارێتەوە ئەوەیشی کە دەشارێتەوە بە زۆری ئەنگوستیلەیە چونکە سووکە و دەکرێتە دەستەوەو ئاسان دادەنرێ ، گروپێك هەڵدەستێت بەشاردنەوەی ئەنگوستیلەکە تا گروپەکەی تر ئەیدۆزێتەوە لە ژێر چ کلاوێکدایە هەر ئەمان بەردەوامدەبن لە شاردنەوەی ئەنگوستیلەکە بە پێ ی مانەوەی کلاوەکان خاڵ بۆ گروپی شاراوەکە دەنوسرێ تا یارییەکە دەکەوێتە دەستی گروپی بەرامبەر ، گروپی بەرامبەریش بەهەمان شێوە بەردەوام دەبێت تا خەرمانی ژمارەی لایەك دەگاتە ١٠٠ خاڵ ، پاشان یارییەکی یەکالاو وورد دەکەن و پێ ی دەوترێت سین و فنجان پێش گەیشتن بە کاروانی خاڵی گروپەکان هەر گروپەکە دوو گوڵ و

شـەش تـا حـەوت فتـی هەیـە گـولْ واتـە ئـەو کـلاّوە بدۆزێتـەوە کـە ئەنگوسـتیلەکەی لـە ژێـردا شاراوەتەوە ، ٩ خالّت بۆ دەنوسریْ .

فت واتە ئەو کلاوەی کە ئەنگوستیلەی لـە ژێـردا نیـە و ئەگـەر یەکـەم کلاّو فتـت کـرد و گـولْ بوو واتە ئەنگوستیلەکەی لە ژێردا بوو (٩) خالْ بۆ گروپی بەرامبەر دەنوسریْ .

بەلاّم ئەگەر فت کرا دوای گولْ کـردن ئەنگوسـتیلەکە لـە ژێـر کلاّوی فتەکانـدابوو بـە پـیْ ی ژمارەی ماوەی کلاّوەکان خالْ دەنوسریْ .

هـەموو کـەس توانـای شـاردنەوەی ئەنگوسـتیلەکەی نییـە یاریکـەر هەیـە جوڵـەی دەسـتی ئاشکرایە و زوو ئەنگوستیلەکە دەدۆزێتەوە یاریکەریش هەن شارەزان زوو زوو جوڵەی دەستیان دەگۆڕن و بە ئاسانی یاریکەرانی بەرامبەر ئەنگوستیلەکەیان بۆ نادۆزرێتـەوە ئەو کلاّوەی جـاری پێشوو ئەنگوستیلەکەی تیا دۆزرایەوە زۆرکەم جاری دوایی ئەنگوستیلەکەی لە ژێـر دەشـارێتەوە و دەوتریْ چاڵە کۆنەیە .

چاڵە کۆنە ناوی جیاوازی تری هەیـە بـە پـیْ ی ناوچـەکان و لـە هەنـدیْ شـوێن دەڵـێن گەنـە ، ڕەنگە ناوی تریشی هەبێت بەلاّم ئەوەی کە زۆرباوە چاڵە کۆنەیە ، ئەوەی تەنیشتی گەنەش پیْ ی دەوتریْ برای گەنە .

## سین و فنجان :

کە کاروانی خاڵی یارییەکە لەلایەن یاریکەرانی براوەوە گەیشتە سەد خالْ ، دوایاری ئەنجام دەدریْ و دەوترێت سین و فنجانە .

یـاری سین و فنجـان بەهـەمان شـێوەی یارییـەکانی تـرە بـەلاّم لـە جیـاتی گـولْ پـەنجا خـالْ و بیست و پێنج و سینی هەیـە پـەنجات لیْ دا ئەنگوسـتیلەکەی تیـابوو (٥٠) خـالْ لـە کـاروانی خـاڵی بـراوە دێتـە خـواریْ ، بیسـت و پێنجـت لێـدا (٢٥) خـالْ دێتـە خـواریْ بـەلاّم ئەگـەر سـینیت لێـدا و ئەنگوسـتیلەکەی تیـابوو شـاردنەوە دەکـەوێتـە دەسـتی بەرامبـەر بـۆ بەرزکردنـەوەی خـاڵی گـروپ بەرامبەر دوبارە دەشارنەوە .

بەلاّم ئەگەر لایەنی خاڵی کەم فتی لێداو ئەنگوستیلەکەی تیابوو ئەوا یارییەکە دەدۆڕێنن .

جـاری واهەیـە پـەنجایان ٢٥ خـالْ دەگـیریْ و کـاروانی خاڵـەکان دادەبـەزیْ و بـەم شـێوەیە یارییەکە بەردەوام دەبێت جاری واهەیە تـا شـەوانی درەنـگ کـاروانی کـیْ برکـیْ ی بەرزکردنـەوەی خاڵەکان بەردەوام دەبێت .

خاڵ لە دێرە فۆلکلۆرییەکاندا :

خاڵ بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆرە ، خاڵی سروشتی یان گۆشتی کە خاڵێکە بەسەر پێستی مرۆڤەوە زگماکییەو لەگەڵ لە دایك بووندا زۆرتر بەشێوەی دەنکە نیسکێکی ڕەش یان گەورەتر دەردەکەوێت . خاڵی دەستکرد کە ئێستا لە جیهاندا بە جۆرەها شێوە لە شوێنی جیاجیای لەشدا بەنەخش و نیگاری جیاواز جیاواز دەردەکەوێت ، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە خاڵی دەستکردە بەشێوەی کەلەپوری کوردی کە ئێستا بەکارهێنانی کەمترە ، ئەم خاڵە دەستکردەیە ڕووەکی وشکەوەبووی زەردەسیری کە جۆرە دڕکێکە دروست دەکرێت ، بەوەی شوێنە هەستیارەکان وەك سەرگۆنا ، چەناگە ، سەردەست ، ڕان بەدەرزی ئاژن دەکەوتن ڕوەکی زەردەسڕی یان ڕەشی فانۆس دێنن دەیخەنە سەر شوێنە کوتراوەکە جارێ تر دەرزی ئاژنینی دەکەن ، تا خوێنەکە ڕەش سوتوەکە هەڵدەمژێ ، تا ماوەیەك شوێنەکە تەڕناکرێت دوایی خاڵەکە بەشێوەی پەڵەی شین لەسەر پێست دەردەکەوێ و بە ئاسانی لاناچێت بە گوێرەی خاڵ و شوێن و گەورە و بچووکی خاڵەکە چۆنت بوێ بەنەخش و نیگاری جۆراوجۆر دروست دەکرێت خاڵی دەستکرد زۆرتر بە پێست ئەسمەر و مەیلە و ڕەشەکانەوە جوان دەردەکەوێت و مایەی سەرنج ڕاکێشانی پیاوان بوون ، بەتایبەتی شوێنە هەستیارەکانی وەك ڕان ، سەر سینگ ، گەردن و مل هەروەك لەم دێرە فۆلکلۆریەدا هاتووە :

خاڵی هاوەیان تەختی سینەکەت .

گیان چۆن دەرناچێ لە بۆ گیانەکەت .

تەنانەت خاڵ و جوانیەکەی لە دێرە فۆلکلۆرییەکاندا وەك شێوەی تەنز و گاڵتەش هاتووە لە هەمان کاتدا گوزارشتە لە خاڵە بچووك و دەرکەوتنی بەشێوەی پنتکێکی گەورە هەروەك وتراوە :

خاڵێ هاوەبان گۆنای یارەوە .

یەژی پشقلە بە دیوارەوە .

بەکارهێنانی وشەی پشقل لێرەدا بۆ دوو مەبەستە یەکەم دەرکەوتنی خاڵەکە کە هێندە گەورەو ڕەش و سەنج ڕاکێشە ، بەشێوەیەکی زەق دەردەکەوێت وەك پشقلێك بە سەر دیوارێکی قوڕەوە .

دووەم تێگرتنی بەرگێکی هەزەلی و پڕ خەندەیە بەسەر خاڵ و دێرە فۆلکلۆریەکەدا بە شێوەیەك لە دەربڕیندا جگە لە دەربڕین سۆزی خۆشەویستی بۆ گەورەیی خاڵەکە لە هەمان کاتدا بۆ تەنز و دەربڕینی خۆشییە .

خاڵ و لێدانی خاڵ لە ڕەشی سوتو بە شیری جۆرە ڕوەکێك دەکرێت کە بە هەمان شێوە دەرزی ئاژنینی شوێنی مەبەست دەکرێت تا خوێنی دەردەچێت پاشان شیری‌ە قەدی ڕووەکەکە لەگەڵ سوتو دەکرا بە شوێنەکەدا تا تێکەڵ خوێنەکە دەبوو وە هەڵ دەمژرا ، هەمیشە شوێنی نەرم و گۆشتنی وەك بن ڕان ، سەر ڕان ، بن هەنگڵ نێوان مەمك جوانتر و زەقتر دەردەکەوت و لە

هەمانکاتدا زیاتر دەبووە مایەی خرۆشان و هەست دەربڕینی عاشق و هەست ناسکەکەان هەر وەك لەم دێرەی تردا کاریگەری خاڵ و دەربڕینی هەستێکی قوڵ بە جۆرێك دەردەکەوێت کە ببێتە مایەی لادان و سنوربەزاندنی کۆت و نەریتی ئایینی :

خاڵی هاوەبان نێو چاوانەوە .

دینی لێ سەندوم بە ئیمانەوە .

خاڵێ هاوەبان نەرمی ڕانەکەت

گیان چۆن دەرنەچێ لە بۆ گیانەکەت .

دوبارە لە ئایندەی کۆمەڵگەی کوردیدا شێخ و مەلا وەك کەسە پیرۆز و دەرنەچو لە داب و نەریتی ئایینیەوە سەیرکراوە دوابەدوای مەلا ، شێخ وا ناسراوە لە سنوری دیاری کراوی ئایین و داب و نەریتە سەپێندراوەکان دەرناچێت ، هەمیشە دەم بە (قل هو الله) و خوێندنی ویردی ئایینییە .

بەڵام لێدانی خاڵێك لەسەر پەنجەی پێ و دەرکەوتنی لەسەر پێستی ئەسمەر ، سەرنج ڕاکێشانی خاڵەکە لەلایەن کەسانی ترەوە مایەی لە دایك بوونی ئەم دێرە فۆلکلۆریەیە :

خاڵێ هاوەبان پەنجەی پاتەوە .     (قل هو الله) لە بیر شێخ باتەوە .

مەبەست لەم دەربڕینە جوانی و دەرکەوتنی خاڵەکەیە لەو شوێنە تایبەتەدا وا سەرنج ڕاکێش دەردەکەوێت ، تەنانەت خاڵەکە بەرچاوی شێخێکی هەمیشە دەم بە خوێندنی (قل هو الله) بکەوێت ، نیگای دووری بۆ دەکات و دەبێتە مایەی لە بیرچوونەوەی قل هو الله لە کاتی ڕوانین بۆ خاڵەکەدا .

## خشت و خشت بڕ :

مەبەست لە بەکارهێنانی وشەی خشت ، بۆ سێ مەبەستی جیاوازە ، کە مەبەستەکان زۆرتر کە لەپورین لە ئێستادا کەمتر بەکاردێن ، خشت بڕ ئامێرێکی لاکێشەیە لە داروتەختە دروست دەکرێت ، قوڕ و پێ خوێ دەگیرێتەوە قوڕەکە بەسەتڵ و بێڵ دەکرێتە ناو خشت بڕەکەوە پاشان خشت بڕەکە بەرز دەکرێتەوە قوڕەکە بە قاڵبێکی چوار گۆشە جێ دەمێنێ تا وشك دەبێتەوە ، پاشان لە شوێنێکی چەپدا کۆدەکرێتەوەو بۆ دیوار دروست کردن بەکاردێت دیواری خشت لە دیواری بلۆك حکومەترە جگە لەوەی بۆ ساردی و گەرما کاریگەری خۆی هەیە لە هاویندا زۆرگەرم نابێت و لە زستانیشدا سەرما دەگێرێتەوە .

قوڕی گیراوە بۆ خشت نە زۆر شل و نە زۆر توندە ، دەبێت شەوێك بمێنێتەوە بە قوڕی تا قوڕەکە بە بڕشت و پتەو بێت ، دیواری خشت بە هەمان شێوەی دیواری قوڕ ڕێك و لەلایەن وەستای تایبەتەوە دروست دەکرێت .

مەبەستی دووەمی خشت بۆ لێهاتوویی و بە بڕشتی دەغڵ و دانە ئەگەر ساڵێك هات و باران زۆر بێت دەغڵ و دانە قەرسیل و تەواو سەوز و جوان و ڕێك و قەفی كردبێت دەوترێت خەلەیەكی خشتە یان خەلە خشتە ، واتە بە پێ ی ساڵ و تەمەنی ئاسایی خۆیدا دەدورێتەوە .

مەبەستی سێ یەمی خشت ڕێك و قەد و بالای ژن و مێردە ، ئەگەر ژن و مێردێك ڕێك و تەبابن بالایان وەك یەك بێت هاوتەمەن بن ، دەوترێت ژن و مێردێكی خشتن ، واتە بالا و تەمەنیان وەك یەكە و كێشە و گرفتیان نییە و ژیانێكی خۆش دەگوزەرێنن بەكارهێنان و دەربڕینی ئەم وشانە دەگمەن و ڕۆژانە كەم بەكار دێن و زۆرتر لە خانەی كەلەپوریدا خۆ دەنوێنن .

## قەشان ، قەقنەس ، قەشقە :

قەشان ، قەشقە ، ناوی دوو گوندی كوردستانن ، زیاتر لە گوندێك بەناوی قەشقە هەیە ، بەلام لێرەدا مەبەستمان ڕەسەنێتی وشەكەیە لە چییەوە هاتوەو بەرگی كەلەپوری پۆشیوە چونكە لە ئێستادا بەكارهێنانیان زۆر كەمە لای ئەم نەوەی ئێستاو هیچ شارەزاییەكیان لە مانای بنەڕەتی وشەكان نییە قەشان ، ئەسپ ناوچاو سپی یە ، ئەو ئەسپەیە كە نێوچاو یان دەوروبەری چاوی سپییە دیمەنێكی جوان و سەرنج ڕاكێشی هەیە ، بەلام بزن یان كاروبەرخ كە جێ جێ سپی و ڕەشە دەڵێن قەشەیە ، بەلام قەشقە بە خەڵكێكی شوم و قسە خۆش دەوترێت كە دەڵێن كەسێكی قەشقەیە ، واتە كەسێكی شومە شومیش زۆر جار جگە لە گاڵتە جاڕی و دروست كەری كەش و هەوای پێكەنین بەو كەسانەش دەوترێ كە بەلاو كارەسات دەهێنن بەسەر خەڵكیدا وەك دەوترێت فلانە مەل مەلێكی شومە ، واتە ئەگەر لە ناكاو یان ناوبەناو ئەو مەلە یان ئەو باڵندەیە لە هەر شوێنێك بخوێنێت بەلایەك بەسەر ئەو شوێنەدا دێت .

قەقنەس ، مەلە ، بەلام بە سووتاو و كەسێكی زۆر سوتاو دەڵێن بۆتە قەقنەس ، واتە سوتاوە ، یان ڕەش بووە یان تەواو ڕەش و خەلۆز ڕەنگە دەڵێ ی قەقنەسە . یان هەر باڵندە و گیانەوەرێك كە بسوتێ و گڵ و گۆی دامرێت دەڵێن بۆتە قەقنەس بەلام قەلەندەر كە ئێستا زۆر كەس ناوی قەلەندەرە ، واتە كەسانی دێوانە و تەرك كەری دنیا جاران خەڵكانی سۆفی و لە خواترس تەركی دنیایان دەكرد و تێكەڵ خەڵك نەدەبوون و ڕوویان دەكردە دەشت و دەر و شوێنی چۆڵ دەوترا قەلەندەرن ، یان فلانە كەس بوەتە قەلەندەر .

واتە كەسێكی گۆشەگیر و دێوانە و ڕوولە دینە تەركی ناو كۆمەڵ و كۆمەڵگای كردووە ، تەنانەت زۆر جار دەوترێت شێتە ، بەلام مەبەست لە شێتی لێرەدا نەخۆشی دەروونی نیە ، بەڵكو لە دێوانە و وەلی و دوورگرتن لە كۆمەڵ و ساتە خۆشەكانی ژیانەوە هاتووە .

## پەچە ، چارۆکە ، ملخ ، تورەکە :

پەچە ، ئەو پارچە زەویە تەرخانکراوەیە بۆ شوێنی حەوانەوەی ئاژەڵ بەکاردێت ، بەتایبەتی ، مەڕ ، بزن ، کارو بەرخ ، پەچە لە ڕووی ڕووبەرەوە جیاوازە ، دەکرێت گەورە یان بچووك یان لە ناوحەوشە و مالان بێت یان دەرەوەی گوند ، پەچە شورە یان دیوارێکی بۆ کراوە ئەگەر نزیك مالان و ناو گوند بێت ، یان پارچە زەوییەکی تەختایی دیاریکراوە ئەگەر لە دەرەوەی گوند بێت ، پەچە بۆ مانەوەی ئاژەڵ لە شەواندا و بەڕۆژیش بەکاردێت کە چێشتەنگاو و یان ئێواران ئاژەڵەکان دەهێننەوە تیا دەدۆشران ، دواتر کاروبەرخەکانیان تێ بەردەدان تا کاتێك بۆ مژینی گوانی دایکیان لە پەچەکەدا بەسەربەرن .

پەچە بەدیوێکی تردا ، پارچە پەڕۆیەکی درێژە بۆ نێوچاوان بەستن لە ژناندا بەکاردێت هاوشانی سەرپۆش و چارۆکە و کەرەستەکانی تری پۆشین .

پەچە کە زۆرجار پێچەش دێتە سەرزار بەوەی پارچە قووماشەکە پێچاوپێچە ، نێو چاوان و پشتی سەر دەگرێتەوە ، هەروەك هونەرمەندی دەنگ خۆش عەلی مەردان لە گۆرانییەکدا دەڵێت :

کۆلان بەکۆلان ، جادە بەجادە ......

شەرمی پێ ناوێ پێچەکەت لادە بەلادا

یان بووە بە :

کۆلان بەکۆلان جادە بە جادە .......

نەشمیلەی چاوجوان پرچەکەت لادە بەسەر لادا .

چارۆکە پارچە قوماشێکی چوار گۆشەیە ، بە زۆری ڕەنگی ڕەش یان سپی دەکرێتە چارۆکە، چارۆکە ، چارۆکە جگە لەوەی وەك کۆڵوانە دەکرایە پشت ، بۆمەبەستی جیاجیای وەك مەڵۆ هەڵگرتن ، تەپاڵە هێنان ، پشقل بارکردن گوێزانەوەی دار و بنچك ، گوێزانەوەی دانەوێڵەی پاککراو ، تۆ وکردن بەکاردێت .

هەموو بەکارهێنانەکانی چارۆکە لەلایەن ئافرەت و ژنی کوردستانەوە بەکاردێت ، جگە لە تۆ کردن کە بەزۆری کارێکە لەلایەن پیاوەوە بەکاردێت دووچمکی چارۆکەکە گرێ دەدرێت و دەکرێتە مل دوو چمکی تریش دەگیرێتە دەستەوە و دەغڵ و دانی تێ دەکرێت و تۆوی پێ دەکرێت .

بەکارهێنانی چارۆکە هێندە زۆربووە ، هەمیشە ئافرەتی کورد ، ڕۆژانە چارۆکەی لە کۆڵ کردوە ئەگەر بۆ کاریش بەکارنەهاتبێت وەك دەسماڵ بەسەرشاندا هەڵدراوە ، هەر وەك لە دێرە فۆلکلۆرییەکان و گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکدا هاتووە :

چارۆکێ چارۆکێ لێم دەدا بە چارۆکی
قەولە لەگەڵ یار بچینە دەسکەنەی نۆکێ
***************************
کۆڵوانەکەی کۆڵی تۆ ، چارۆکەکەی کۆڵی تۆ
سوێندم خواردووە ماچی دەکەم نێو مەمکۆڵانی تۆ
***************************
یان
سوێندم خواردووە ماچی دەکەم ، تەختی نێوچاوانی تۆ
چارۆکەکەی گازرە ، کۆڵوانەکەی گازرە
ناوێرم دوو قسە بکەم دایکی لەوێ حازرە
توندە دەڵێ ی ئاگـــــــــــرە
هەوری لەکۆڵ ، چارۆکە لە کۆڵ وەختە لە توێت بمرم
بەری بەیانیان پێم خۆشە لە باوەشت بگرم

بەڵام جاخ و تورەکە پارچە قوماشی دووراون ، زۆتر بۆ بەرهەمەکانی شیرەمەنی بەکاردێت وەك تـۆراخ هـەڵگرتنی بەرهەمـەکانی تـری شـیرەمەنی ..... بـە زۆری قوماشـی سـپین وەك خـام ، تورەکە جۆری زۆرە ، تورەکەی تۆراخ ، دۆی تیا هەڵدەگیرێ و ئاوەکەی دادەدات و مادەیـەکی کـەم ئـاوی کـەم چـەوری لێ دروسـت دەبێـت پـێ ی دەوتـرێ تـۆراخ زۆرتـر بـۆ گـرە بـردن دەخورێـت و تامێکی خۆشی هەیە .

تورەکەی دەغڵ و دانیش هەیە ، کاوجۆی تێدەکرێت و دەکرێتە ملـی وڵاخـەوە بـە زۆری لـەو کاتانەدا کە وڵاخەکە ئاخوڕی نییـە ، هـەر وەك لـە کاروانـە ڕێ و کـاروان سـەراو هێنـانی خـەڵوز و خوێ و گواستنەوەی باراشدا بەکاردێت .

زۆرجـار تورەکـە ڕیشـووی هەیـە و بەشـێوەیەکی هونـەری سـەرەنج ڕاکـێش چـنراوە وەك تورەکەی ماین و ئەسپ .

## ساورمە ، زەڵان ، قـالۆرە :

سوپای دار یەکێکە لە سەرچاوە دێرین و گەرمەکانی شەوانی پاییز و زستان لـە گونـدەکانی کوردسـتاندا ، سـوپای دار لەلایـەن وەسـتای تایبەتـەوە دروسـت دەکـرێ لولـەی بـۆ ڕادەکێشـرێ لەسـەربانی خانوەکـەوە لولەکـە دەچـێتە دەرەوە ، سـۆپاکەش بـەزۆری دەکەوێتـە ناوەڕاسـتی ژوورەکەوە تا گەرمییەکە بە هەموو لایەکدا و بە هاوبەشی بڵاوبێتەوە .

دار بۆ سوتانی سۆپەی دار بەزۆری داری بەڕووە ، چونکە بەرگەی سوتان دەگریٚ و خەڵوزەکەشی خۆڕاگرو پتەوە .

داری بەڕوو بەبار دەهێنرێت پاشان بە تەوراس دارەکان دەبڕنەوە ئامادە دەبێت بۆ سوتان داری ئامادەکراو بۆ سوتان ، تا ووشك بێت باشتر گڕ دەگرێت ، بەڵام زوو دەسوتێت ئەو دارەی کە وورد کراوەو ووشکە و ئامادەیە بۆ سوتان پیٚ ی دەوترێت ساورمە ، ساورمە لەبەر هەیوان یان شوێنێکی چەپدا ڕیز دەکریٚ و لەبەرەوە دەسوتێت ، جاروبار داری ساورمە شیٚ ی تەڕی هەیە و بە تەواوەتی ووشك نەبووە ئەو ساورمەی کە تەڕە و هێشتا تەواو وشك نەبووە بەرگەی زۆرتری سووتان دەگرێت بەڵام دووکەڵ زۆر تر دەکات .

زەڵان ، واتە قامیشەڵان ، بە زۆری لە دەوروبەری جۆگە و نزیك ئاو بە چڕوپڕی سەوز دەبێت قامیش و زەل و گابڕ دەچێت بە یەکدا و دەڵێن زەلان یان زەڵانە لە ئێستادا زۆر گوندی کوردستان بەم ناوەوە ناونراوە زەل بۆ سەرگرتنی سەربان و دوای دارەڕا بەکاردێت بەڵام ناوەڕۆکی قامیش و زەل کە وشك بوو قەدەکەی بۆش دەبێت و وەك بۆری ئاو ناو پۆشە لەم کاتەدا پیٚ ی دەوتریٚ قالۆرە ، قالۆرە ووشك و ناوپۆشە بە زۆری بۆ سووتان بەکاردێت ، وەك داری گوڵەبەڕۆژە و شەکرۆکە و هەموو قەدی دارێکی ئەستورە .

## بارستە ، پاچەکەند ، شکانەوە :

شەتڵی تەماتە و خەیار لە دێراوی درێژکۆڵەی هەڵ کەنراو لەسەر خۆڵ دەچێنرێت ، شەتڵی تەماتە بەزۆری بە بەرێکی دێراوەکەدا لیٚ دەدرێت یان ئەگەر بە هەر دووبەردا لیٚ بدرێت دەبێت شەتڵەکان نێوانیان هەبێت و پڕ نەبن .

دێراو کە ئاو دەدرێت زۆر جار گژوگیاو ڕووەکی تر لە ناو دێراوەکە و دەوروبەریدا سەوز دەبێت سەوز بوونی ئەم ڕووەکانە ، زیان بە شەتڵە تەماتە دەگەیەنێت بۆیە زۆرجار بە پاچ یان تەشویٚ لە ڕووەکەکان دەدریٚ و دێراوەکە پاك دەکرێتەوە لە ڕووەك و سەوزایی بەم کردارە دەوترێت پاچەکەند ، کە پاککردنەوەی دێراوەکە و هەڵکەندنی ئەو ڕووەك و گژ وگیایەیە کە سەوزبووە فرێدانی لە دووری دێراوەکە تا ووشك بن و جاریٚ تر سەوز نەبێتەوە ، شەتڵی تەماتە و خەیار و شووتی دەبێت جار وبار ئاو بدرێن تا تەواو خۆیان دەگرن و بەهێز دەبن ، کە شەتڵەکان بە تەواوی ڕوان و خۆیان گرت ، دەبێت کرداری شکانەوەیان بۆ بکرێت ، شکانەوە بریتییە لە لاربوونەوەی ڕووەکی تەماتە بە سەر بەرزی خۆڵی دێراوەکەدا ، زۆر جار دوای شکانەوەی قەدی ڕووەکەکە خۆڵ دەکرێتە سەری تا نەگەڕێتەوە دۆخی پێشووی خۆی بە خۆڵی

بەرزەوەبووی پشتی دێراوەکە دەووترێت بارستە ، شەتڵەکان دەشکێنەوە بەسەربارستەدا بارستە خۆڵی کەڵەکە بووی بێ بەردی سەر دێراوەکانە لە ئێستادا شەتڵ و تەماتە بە شێوەی جیا جیا و لە بن نایلۆندا دەکرێت و لە زۆری وەرزەکاندا دەڕوێت ، بەڵام شەتڵ و تەماتەی کوردی تەنها لە وەرزی هاویندا دەکرێت تامی تەماتەی کوردی تامێکی مزری تایبەتە زۆر لە تامی تەماتەی ژێر نایلۆن جیاوازترە .

## کەپەنك ، تەپکە :

سەگ یەکێکە لە گیانەوەرە بەوەفاکانی هاوەڵی مرۆڤ زۆر لە مێژە سەگ وەك هاوەڵی پاسەوانی مرۆڤ ناسراوە لە دێر زەمانەوە سەگ بۆ پاراستنی مەڕومالاّت بەکار هاتووە سەگ هەیە فێردەکرێت ڕۆژانە لەگەڵ مەڕومالاّت دەردەچێت و هاوەڵیان دەکات و دەیان پارێزێت ، شەوانیش نزیك پەچە و شوێنی نووستنی ئاژەلاّن دەخەوێت ، گورگ یان هەر مەترسییەك بێت بۆ مەڕومالاّتەکە سەگ ڕاویشی نەنێت دەیکات بەوەڕین و شوان و خاوەن ئاژەڵ لە مەترسییەکە ئاگاداردەکاتەوە ، هەر چەندە سەگ خواردنی تایبەتی نییە و پاشماوەی خواردن و ئێسقان و نان دەخوات بگرە زۆرجار لە نانی نانەبەرەی شوان بەش دەدرێت زۆر جار لە کوردەوارییدا دەوترێت (نەگبەتی سەگ خواردنی نانی شوانە) چونکە ئەگەر سەگێك بێ ئاگاداری شوانەکەی ، نانی تێشووی شوانەکەی خوارد چارەنووسی دەرکردن و ڕاونانە ، کەپەنك خواردنێکی تایبەت بە سەگە ، ئاردەکە دەبێژرێ زبرە و سەرەکۆتەڵ بەرگی هاڕوای گەنمەکەی لێ جیادەبێتەوە تێکەڵ بە هەویری نانەکەی ناکەن بەڵکو هەویرێکی تایبەتی لێ دروست دەکەن بە تەنور دەیبرژێنن بەهەمان شێوەی کولێرە و مارۆکە پاشان دەیدەنە سەگ بیخوات و بەم خواردنە برژاوە تایبەتە دەڵێن کەپەك یان کەپەنك ، کەپەنك خڕ یان درێژکۆلە یان ناڕێکە بە زۆری کەم دەبرژێت و هەر هێندە گەرم دادێت لە تەنورەکە دەری دەکەن و دەدرێتە سەگەکە ، کەپەنك ناڕێك و بچوکە و شێوەیەکی تایبەتی نییە ، زۆر جار بە کەسێك کە بچووك و کز و مەلولە دەوترێت لاچۆ دەڵێ ی کەپەنکی سەگی .

لەئێستادا کەپەنك دەگمەنە و زۆرکەم دروست دەکرێت خواردنی سەگ بە زۆری پاشماوەی خواردنی مرۆڤە هیچ جۆرە خواردنێکی تایبەت بە سەگ دروست ناکرێت .

تەپکە لە ڕاودا بەکاردێت ، بەزۆری بۆ گرتنی باڵندە کێوییەکانی وەك کەو ، سوێسك ، چۆلەکە قەلەڕەش ، سیووچڕ ..... بەکاردێت تەپکە ، چاڵێکی خڕ یان چوارگۆشە و لاکێشەیە ، هەڵدەکەنرێ لایەکی بە بەرزی دەمێنێتەوە ، لایە بەرزەکە بەزۆری دەکەوێتە پشتی چاڵەکەوە ، ساج یان سینی یان بەردێکی تەنك و پان ئەندازەی گەورەیی چاڵەکە لەسەری بەرزی چاڵەکەوە

دەدەن بەسەر چاڵەکەدا ، پارچە دار یان شیش دەدرێتە ژێر سەر ، بۆشی ساجەکە ، تا بەبچووکترین جوڵە ئەم ژێر سەرەی ساجەکە بکەوێت و چاڵەکە لە شێوەی داوێکی سەر داخراودا بمێنێتەوە ، دانەوێڵە و خواردن لە ژێر چاڵەکەدا دادەنرێت چاڵەکە جێ دەهێڵرێ هەر گیانەوەروباڵندەیەك بچێتە ناو چاڵەکەوە بۆ خواردن و بەرداری ڕاگر و ژێر سەری ساجەکە بکەوێت ساجەکە دەکەوێت بەسەریدا و بە دیلی دەگیرێت .

دەتوانرێت داری ژێر سەری ساجەکە ، بە بەن یان پەتێکی درێژەوە ببەسترێت لە دوورەوە چاودێری تەپکەکە بکرێت ، هەر باڵندەیەك چوو بۆ دان خواردن پەتەکە ڕابکێشرێت و تەپکەکە بکەوێت بەسەریدا و نێچیرەکە بە دیلی بگیرێت .

لە ئێستادا تەپکە بەو شێوە سەرەتاییەی جاران نەماوەو گۆڕانکاری بەشێوەی جیاجیا بەسەردا هاتووە ، بەڵام تەپکە بە زۆری لە بەرد و دار دروست دەکراو بەکار دەهات ، زۆتر لە شەواندا دەنرایەوە تا بەیانی جێدەهێڵرا ، زۆر جار تەپکە گیانەوەری گەورەی وەك سیوچرغ یان چەقەڵ و کەروێشکی کێوی گرتووە بە مەرجێك بەردەگەورە و قورس بێت و بەسەر گیانەوەرکەدا کەوتبێت چاڵی تەپکە تا گەورەتر بێت توانای گرتنی گیانەوری گەورەی دەبێت ، باشترین جۆری سەر گیرانی تەپکە دەبێت لە شێوەی قۆقزیدا بێت تا گیانەوەرەکە نەخنکێت و بکەوێتە ناو تەپکەکەوە بە زیندوویی بمێنێتەوە تا ڕاوکەر دێتەوە بۆ سەردانی تەپکەکە .

## بێڕان ، بێڕی ، شەنگە بێری :

دەڵێن فلانەکەس لە کوێ یە ، دەڵێن چوەتە بێرانێ بێری یان بێران ، مەڕ دۆشینە لەلایەن ئافرەتی کوردەوە کە چێشتەنگاو و ئێواران ڕانەمەڕ دەگەڕێنەوە ناو گوند و لە پەچەکاندا نیشتەجێ دەبن ، لەلایەن کابان و ئافرەتی ماڵەکانەوە ئاژەڵەکان دەدۆشرێن ، ئەم دیاردەیە دەوترێ بێری ، مەرج نییە ئاژەڵ هەر لە ماڵ بدۆشرێت جاری وا هەیە لە دەرەوەی ماڵ و گوندەکان لە شوێنی تایبەت دەدۆشرێت کە پێ ی دەڵێن پەچەی ڕان .

شەنگەبێڕی ، ئافرەتی شۆخ و شەنگ و چوست و چالاکە ، کە لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی ئاژەڵداری و کارەکانی تری گوندەکاندا سەرکەوتووە و باکی لە ماندووبوون نییە شەنگەبێر زۆرتر بە ئافرەتی شۆخ و شەنگ و بوێر و ئازا دەوترێت هەر وەك حەسەن زیرەك وتەنی :

بۆ خۆم دەچمە سەر ڕێ ی مەڕێ ئەو کچە شەنگەبێریە ، دەڵێن ئەم ڕۆ نۆبە ، خێریە .

## كادێن ، كادان ، كاپێچ :

كە درەوی خەلەو خەرمان لەسەرەتای مانگی خەرمانان و كۆتایی مانگی جۆزەرداندا دەست پیّ دەكات مەڵۆ دەخەن و خەرمان لە مەڵۆ دروست دەكەن كە پووش و پەڵاش خەرمانەكە گێرەكرا ، كای لیّ دروست دەبێت ، كا پوش و پەڵاش ووردكراو ، خواردنی ئاژەڵانە بە گشتی .

كادان ، شوێنی هەڵگرتنی كایە ، لەوەرزی پاییز و زستان و بەهاراندا ، كە دەرگایەكی تایبەتی هەیە و ، كاكە بە ڕەشكە دەهێنرێت و بەشەن دەكرێتە ژووری كادانەوە كە دەبێت ژوورێكی وشك و بیّ تكە بێت زۆرجار پەنجەرەی ڕووناكیشی تێدا نەبێت .

كادێنیش هەر كادانە لە زۆر ناوچەدا لە جیّ ی كادان كادێن بەكاردێنن .

كاپێچ : خواردنی زۆری كایە كاتێك ئاژەڵێك بڕێكی زۆری كا وجۆ دەخوات تووشی ناڕەحەتی و نەخۆشی دەبێت دەڵێن كاپێچی كردووە ، زۆرجار تاتووشی سك چوون نەبێت باری تەندروست ناگەڕێتەوە تەنانەت هەر كەسێك خواردنی زۆر بخوات و باری تەندروستی تێك بچێت ئەو پەندە كوردییە دەیگرێتەوە وەك دەڵیّ :

((ئەگەر كا هی خۆت ، نەبوو كادان هی خۆتە))

واتە بۆ پەرۆشی باری تەندروستی خۆت ناكەیت ئەگەر خواردنەكەش بەدەستی خۆت نەبووە لە ڕووی گرانی و تام و زۆر خواردنەوە خۆ ورگ بە لەشی خۆتەوەیە و چاودێری بكە چونكە زۆر خواردن مایەی تێك چوونی باری تەندروستی مرۆڤە ، كای جۆ لوس و سوكە و ئاژەڵ زۆرتر لە كای گەنم دەیخوات ، كا مادەیەكی سەرەكی قوڕ و قوڕكارییە .

## شۆ :

شۆ ، زەوی تایبەت بە كێڵانە ، شۆ ، وەردە كە دەڵیّ شۆ بڕین واتە وەرد دەكێڵین شۆ زەوییەكی نەرم و ئامادەیە بۆ كێڵان چونكە پێشتر كێڵراوە ، شۆ هەیە دووجار كێڵراوە ، جاری سێیەم تۆوەكەی پێوەدەكرێت و دەیكێڵێت بۆ شاردنەوەی تۆوەكە .

ووشكە وەرد : دووجار كێڵراوە ، ماوەی نێوان كێڵانەكان لەسەر یەك نییە پاش و پێش تۆوكردن بەلام تەڕەكاڵ دڕەنگ كێڵراوە كاتێك باران بارییوە ئەنجا تۆوكراوە بەزەویدا و كێڵراوە بەگشتی تەڕەكاڵ دڕەنگتر دەبێت وەك لە وشكە وەرد و بارانی بەهارانی زۆر پێویستە .

كورد دەڵیّ :

ووشكە وەرد ، لە بان بەرد

تەڕەكاڵ ، بارانی بەهار

واتـه کاتێـك زەویـەك وشـکە وەرد بـوو لـە بـان بـەردیش بکرێـت ، بـارانی بـەهاریش کـەم بیگرێتەوە ئەو دەغڵ و دانە دێتە بەرهەم ، بەڵام تەڕەکاڵ بە پێچەوانەوە و درەنگ شین دەبێ و بارانی بەهاری پێویستە ، تەنانەت ئەو دەغڵ و دانەی تەڕەکاڵەو بارانی بەهار نایگرێتەوە بەرهەم نادات بەدەستەوە ، ئەگەر بێتە بەرهەمیش بەرهەمێکی مایە پووچ و کەم سوودە .

## ئەفسانەی کەلەپوری لە بواری زانستی و تەندروستیدا :

ئەفسانە ، هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە ، یان بەدیویەکی تردا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ئەفسانە هاتۆتە ئاراوە ، ئەفسانەی کوردیش بەهەمان شێوە لە بوارەکانی زانستی ، کۆمەڵایەتی تەندروستی و تەنانەت ئابوری و سیاسیشدا هەیە ، ئێمە لێرەدا زۆرتر مەبەستمان بواری زانستی و کەلەپورییە کە لەم سەردەمەدا کەمتر کار بۆ لێکدانەوە ئەفسانەییەکە دەکرێت ، دەکرێت وەك دیاردەیەکی کەلەپوری میللەت بەرهەم بێت لەم وتارەدا تیشك دەخەینە سەر چەند دیاردەیەکی ئەفسانەیی کە ئێستا کاریان پێ ناکرێ و زانست و پێشکەوتنی بواری کارپێکردنی بۆ نەهێشتونەتەوە ، دەکرێت لە خانەی مێژووی کە لەپوردا جێیان بکەینەوە .

## مانگ گیران و تەنەکە لێدان :

خۆرگیران و مانگ گیران دوو دیاردەی سروشتین ڕویانداوەو ڕوودەدەن ، سەردەمانێك دیاردەکە گرێ یەکی نەکراوە بوو لە زۆربەی گەلان و سەردەمەکاندا بۆچوونی جیاجیای لە بارەوە وتراوە کە زۆربەیان ئەفسانەن و ناچنە خانەی بڕوا پێکردنی ژیرییەوە ، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زانست بە تەواوی پەردەی لەسەر نهێنیەکە هەڵماڵی ، بە جۆرێك لە دیاردەکە دواوە کە زۆر پێش ڕوودانی دیاردەکان کات و سات و خولەکی دیاردەکە دەزانرێت و ئامارەش دەدات کە کوێ دەگرێتەوە و چەند دەخایەنێت ڕادەی تاریکی و ڕووناکی دیاردەکان چەندە ، چی بکرێت .

لە کۆنداو لە کۆمەڵەی کوردەواریدا بەرگێکی ئەفسانەیی کرابو بەسەر ئەم دیاردەدا بەوەی کە مانگ گیران دیاردەیەکە لەلایەن جنەوە ئەنجام دەدرێ جنیەکان دەچنە گیان مانگ سەری دەگرن و ناهێڵن ڕووناکی بدات بۆ ڕاونانی جنۆکەکانیش پێویستە هەراو هۆریا و دەنگە دەنگ بێتە ئاراوە تا جنییەکان بترسێن و بڕۆن ، بۆیە تێکڕای خەڵکەکە لە گوندەکاندا دەکەونە تەپڵ و تەنەکە لێدان و قسەکردن بە جنییەکان ، تەنانەت خەڵك زۆر جار بە کەساسی و گریان و بەزەیی هاتن بە مانگەکەدا درێژەیان بە تەنەکە لێدانەکە دەدا تا مانگەکە بەردەبو لە ترسی دەنگی تەنەکە و تەپڵ .

ئەو مانگ گیرانانەی کە ماوەکەی کەم بوو ، دیارەدەکە نەدەما و دەوترا ، جنییەکان مانگەکەیان بەرداوە و لە دەنگی تەنەکە و لێدانەکان ترساون ، من کە ئێستا تەمەنم ٥٠ ساڵە (٢٠١٥) لەسەردەمی منالێمدا ئەم دیاردەیەم بینیوە تەنانەت وا بەکەساسی بۆیان باس دەکردم بە تەواوی بڕواو بونمەوە بۆ مانگ گیرانەکە گریاوم لە خوا پاراومەتەوە ڕزگاری بکات لەم سەردەمی زانست و تەکنەلۆژیایەدا ، بڕوا کردن بەم دیاردەیە ئەفسانەیە نەماوە ، هەر چەندە دیاردەکە ڕوویدات کەس تەنەکە و تەپڵ لێنادات وەك دیاردەیەکی کەلەپوری ماوەتەوە .

## زیچکە سەڵاو لەسەر ڕێ دانیشتن :

زیچکە سەڵاو یان قنچکە سەڵاو ، زیبکە یان دۆمەڵێکی بچووکە لەسەر پێڵوی چاو و دەوروبەری چاو دەردەچێت زۆرتر لە مێردمندالْ و گەنج و لاوودا هەیە ، لە ڕووی تەندروستیەوە دیاردەیەکی ئاساییە وەك هەموو بەشەکانی تری لەش پێڵوو چاویش دومەڵ دەردەکەن و چارەسەری دڵۆپاندن و مەرهەمی چاوە لەلایەن پزیشکی چاوەوە دەنوسرێت ، زیبکەکە دەتەقێت و دواتر چاك دەبێتەوە لە کۆندا بەگەنج و لاوەکان دەوترا لەسەر ڕێ ی گشتی هاتوچۆ دانیشتون و پیسیتان کردووە بۆیە زیچکە لە چاوتان دەردێ ، ئامارژە دەکرا بچن پیسیەکە لابەرن تا زیچکەکە نەمێنێ و دیاردەکە دوبارە نەبێتەوە ، تەنانەت ئەو کەسانەی قنچکە سەڵاویان هەبوایە و بە تەنزەوە پێ ی دەوترا کەپیسی لەسەر ڕێگە کردووە خەڵك تەواو بڕوای بەدیاردەکە هەبوو گەنجەکەش هەستی بەشەرمەزاری دەکردو وەك دیاردەیەکی دزێوسەیر دەکرا .

## مراز حاسڵ بوون :

مراز ئەو نهێنییە شاراوەی دڵی مرۆڤە کە دەیەوێت بێتە دی لە دنیادا ، بەڵام لێرەدا ئێمە مەبەستمان لە مراز و حاسڵ بوونی مراز داواکاری ژنانە بۆ منالْ بوون بە تایبەتی ئەو ژنانەی کە منالْیان نەدەبوو لە ڕابردوودا .

لەبەر بەرزایی و سەرشاخ و گردۆلکەکانی کوردستاندا زۆر جێ نزرگە و گردی پیرۆز هەن وا لێکدەدرێنەوە کە گۆڕی صحابە و پیاو چاکانن ، وەك ئیمام محەممەد ، باوە ئەلیاس ، شەخسەکە زۆر ناو و جێگەی تر بە ناوی جۆراوجۆر لە چوار شەممە پیرۆزەو زۆر ڕۆژی تردا دانیشتوانی گوند و ناوچەکان کۆدەبنەوە دەچوونە سەر گۆڕی یەکێك لە بەرزاییەکان دەست دەکرا بە نزاو پاڕانەوە هەر یەکێك بە نیازی حاسڵ بوونی مرازەکەی نێو دڵی ، ئەو ژنانەی کە مندالْیان نەدەبوو کۆمەڵێ بەردی درێژکۆلەی خڕیان دەهێنایە سەر گۆڕەکە و بەردەکانیان دەخستە سەر یەك بە

دەستیان ئەنگوستیان لەسەر بەردەکە ڕادەگرت ، جار هەبوو بەردەکەی ژێر دەست و پەنجەیان سوڕی دەخوارد چونکە گۆیی و لەسەر یەك دانرابوو ، ئیتر ژنەکە دڵی خۆش دەبوو دەیوت منداڵم دەبێت و بۆ پیرۆزی گۆڕەکە دەگەڕایەوە کە هیمەتی کردووە و مرازی حاسڵ کردووە ، زۆر جار لە ڕووی زانستییەوە گرفتی منداڵ نەبوونەکە نامێنێ و گرفتێکی کاتی بوو ، بەڵام دەدرایە پاڵ خێر و هیمەت و بەرەکەتی شەخسەکە جاریش بووە مراز حاسڵ نەبوە و کێشەکە هەر بەردەوام بووە ڕەنگە هۆکەی بۆ پیاوانیش گەڕابێتەوە بەڵام لە کۆندا هەر پێوانە بۆ ژنەکە دەکرا ، کە منداڵی نابێ و جاری واهەبوو بە بیانووی قسربوون ژن دەهاتە سەری ئێستا لە سایەی زانستدا پەردەی سەر ئەم نهێنییە هەڵماڵراوە و هۆکارەکەش دەزانرێت دیاردەکە زۆر دەگمەن بووە ، تەنانەت چون بۆ سەر شەخس و بەرزاییەکان نەماوە بەمەبەستی منال بوون ، ڕەنگە بە شێوازی جیا جیا پەنابردن بۆ ڕێگەی نا زانستی هەبێت ، بەڵام مراز حاسڵ بوون وەك دیاردەیەکی پێشینەیی بەسەرچوو باسی دەکرێت .

## چەقۆ و منداڵی تازە لە دایك بوو :

دەردە کۆپان ((کزان)) نەخۆشییەکە ، زۆرتر لە بڕینی ناوك بە ئامێری هەڵگری ڤایرۆسی میکرۆبەکە تووشی منداڵان دەبێت بە هۆی گرژبوونی ماسولکەکانەوە منداڵە تازە لە دایك بووەکە دەخنکێت ، بەم نەخۆشییە بەرگێکی ئەفسانەیی پۆشییوە دەڵێن : شەوە ، بەوەی کە لە یەکێك لە چل شەوی تازە لە دایك بوونی منداڵەکەدا جنی دێت و منداڵەکە دەکوژێت و دەڵێن شەوە بردیەوە .

بۆ پاراستنی منداڵ لە شەوە جگە لە ئێشك گرتن و دانانی قورئانی پیرۆز ، چەقۆیەکی تیژی گەورەیان دەهێنا و بەدەم کراوەیی لە ژوورسەری منداڵەکە دایان دەنا تا شەوە نەیباتەوە ، گوایە جنیەکان لە ترسی چەقۆکە کە نوکی تیژ و کراوەیە ناتوانێ بێت و هەست بە ترس دەکات .

ئەم دیاردەیە تا چل ڕۆژی تەمەنی منداڵەکە بەردەوام دەبوو کە چل ڕۆژەکە تەواو دەبوو دەوترا چلەی چووە ئیتر جنییەك نایەت و پێویستی بە بوونی چەقۆکە نییە لە ژوور سەری منداڵەکە دابنرێت جاری وا هەبوو لە شەوی چلەمیندا ئاهەنگێکی گەورە ساز دەدراو جاڕی ناوی منداڵەکە دەدراو کەس و کار کۆدەبوونەوە .

ئێستا لە سایەی زانستدا دەرکەوتووە کە شەوە بردنەوە نەخۆشییەوە هیچ پەیوەندیەکی بە جنی هاتن و چەقۆوە نییە و منداڵ بە زۆری لە نەخۆشخانە و بە ئامێری پاك و خاوێن ناوکی دەبڕێ و شەوە نایباتەوە .

دانانی قورئانی پیرۆز دیاردەیەکی ئاساییە و ڕەنگە تا ئێستاش مابێت و دەکەوێتە سەر باوەڕی دایك و باوکی و منداڵەکە و هیچ زیانێکی نییە .

بەڵام دانانی چەقۆ و ترساندنی جنییەکان و ڕاوەدونانیان باوەڕێکی ئەفسانەیی بوو ئێستا وەك دیارەدە نەماوەو باس کردنی لێرەدا زۆرتر یادکردنەوەی دیوی کەلەپوری ئەفسانەکەیە .

## کشتەك و سەریەشە :-

سەریەشە ، نەخۆشی یان جاری وا هەیە نیشانەیە بۆ نەخشی بە گشتی لە ئەنجامی ساردوگەرمی ، بێ خەوی ، قەبزی هیلاك و ماندووبوون ، قیژەی توند ، ئینفلۆنزا و گرانە تاوە دروست دەبێت یان نیشانەی چەند نەخۆشییەکی ترە ، کشتەك بەن یان پارچە دەزووی لول کراوی ئەستووری درێژە بە گشتی لەمەترێك درێژترە سەرێکی هەڵەفەیە ، ئەگەر دەزوو بێت لول دراوتێك ئالاوەو و ئەستور بووە مەترسی بڕینی نەماوە کە مرۆڤ تووشی سەریەشە دەبوو ، پارچە قووماشێکی چوار گۆشە یان لاکێشە یان دەهێنا و دەیان دا بەسەری نەخۆشەکەدا تا دەم و چاوی دیار نەبێت پاشان کشتەکەکەیان توند بە دەوری سەری نەخۆشەکەدا دەپێچا پارچە دارێك یان سوژنێکیان دەهێنا و هێندەی تر کشتەکەکەیان شەتەك دەدا تا کشتەکە تەواو توند دەبوو ، پاشان کشتەکە بۆ ماوەی ١٠ خولەك یان زیاتر و کەمتر کشتەکە بە توندی بەدەوری سەرە داپۆشراوەکەدا دەمایەوە کە نەخۆشەکە چاوی داپۆشراوەو هیچ نەدەبینی لەو ماوەیدا ، تەنانەت کە کشتەکەکەت دەکردەوە جێ ی کشتەکەکە بە نێوچاوانی نەخۆشەکەوە دەردەچوو باوەڕی ئەفسانەیی لەم دیاردەدا نەمانی سەریەشەکەیە بەم ڕێگەیە ، بەڵام لە ڕووی تەندروستییەوە سەریەشە لاناچێ تا حەبێکی ئازار کوژ یان هۆی سەریەشەکە لانەچێ ڕایەکیش هەیە کە نەخۆشەکە لە ئەنجامی توندی کشتەکە و داپۆشینی چاوی ، بیری لەسەریەشەکە دەتۆری و لە بیری دەچێتەوە وا دەزانرێ بە هۆی کشتەکەکەوەیە ئەم دیاردە ئەفسانەیە ئێستا پەیڕەو ناکرێ حەبی سەریەشە لە هەموو کوچ و کۆڵانێکدا بە ئاسانی دەستی دەکەوێت و هەر کەس سەری بیەشێ حەبێکی ئازار کوژ دەخوات کەسی کشتەك بۆ لابردنی سەرەیەشە بەکارناهێنێت و وەك دیاردەیەکی کەلەپور ئاماژەی پێدەدرێ .

## هەرزاڵ ، سابات کە پر :

کەپر ، جۆری زۆرە ، بە چەندەها شێوەش دروست دەکرێ وەك کەپر بە دیوار و سەرگرتنی بە دار ، کەپر بەدار کەپر لە دیوار و دار ، کەپر بەشیش و دار و زەل لە شوێنی جیاواز جیاوازدا بە مەبەستی جیاجیا وەك کەپری سەر بێستان ، کەپری کۆکردنەوەی خەلەو خەرمان کەپری

پاراستنی مەرەزەو پارێزگاری کردنی لە چۆلەکەی پاساری ئێستاش چۆنێتی دروستکردنی کەپر ماوە لە زۆر شوێن دروست دەکرێت ، بەڵام بە شێوەی سادەیی جاران نییە و زۆری بەدار و ئاسنە و بە لەوح سەردەگیریٚ هەرزاڵ یان هەزراڵە کە پرێکی سادەی دروست کراوە لە دار و پەرچ بەوەی چوار داری گەورە دەچێنرێت و سەری دارەکان بە زۆری لە شێوەی ژمارە حەوتن، دواتر چوار سەری دارەکان دەبەستن بە یەکەوە سەربانی کەپرەکە دارڕا دەکرێت ، پاشان ژاژو دەوەن دەدەن بەسەر کەپرەکەدا سەربانێکی لیٚ دروست دەکریٚ بەم جۆرە کەپرە دەوتریٚ هەرزاڵ زۆرتر بەمەبەستی خەو بەکاردێت لە ترسی مار و دوپشك و گیانەوەرە خشۆکە ترسناکەکان کە بە مرۆڤەوە دەدەن لەسەر بێستان و هەردە و دەشت و دەردا .

دەتوانریٚ هەرزاڵ بۆ مەبەستی تریش بەکاربێت وەك جل پیادان ، جل هەڵگرتن ، جیاوازی هەرزاڵ لەگەڵ کەپری ئاساییدا دوو شتە کەپری ئاسایی هەر بەمەبەستی پاراستنی جۆر و دروست کردنی سێبەر بەکاردێت ، بەڵام هەرزاڵ ژێرەکەی سێبەرەو بۆ دانیشتن بەکاردێت لەهەمان کاتدا قاتی سەرەوەی بۆ خەو بەکاردێت چونکە پتەو دروست دەکرێت هەرزاڵ ، کەپر ، سابات ، هەمووی بۆ مەبەستی سێبەرو خەوو جلٚ هەڵگرتن بەکاردێت و هەموویان لەیەك دەچن ڕەنگە ناوەکانیش بە پیٚ ی شوێن و ناوچەکان بگۆڕێن بەڵام شێوە کلاسیکییەکەی کەپر ئێستا کەمتر بەکاردێت و لە بری ئێستا لە شیش و لەوح یان داری پتەو دروست دەکرێت .

## چەپەر ، چەپەرە شڕ ، دەواری کۆن ، ڕەشماڵ :

دەوار بۆ پاراستنە لە خۆر و گەرمی ، چونکە زۆرتر لە وەرزی بیٚ باراندا هەڵدەدریٚ ، تا ئێستاش لە هەندیٚ شوێنی دەوارنشیندا ماوە بە تایبەتی ئەوانەی گەرمیان و کوێستان دەکەن و هاوینان دەچنە ناوچە کوێستان و زۆر فێنکەکان بۆ بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات ، لە هەندیٚ شوێن ڕەنگە بە ڕەشماڵ ناو ببریٚ .

دەوار بە زۆر شێوە دروست دەکریٚ ، زۆتر لە مووی ئاژەڵان پاش ئەوەی موەکە شی دەکرێتەوەو دەکرێتە بەن و خرێنە ، دەواری ڕەش لە موی ڕەشی ئاژەڵانە ، دەواری سپی لە موی سپی ئاژەڵانە ، دەواری ڕەش و سپی تێکەڵەی هەردووکیانە .

دەوار ئێستا بەو شێوە سادە کە لەپورانەی جاران نەماوە، ئێستا کەمتر کاری دەستە وبە شێوەی خێمە وچادر دروست دەکریٚ مەبەستی ئێمە دەواری کۆنی دەستکردە، کە بە شێوەی ئەندازەیی ڕێك دروست دەکرا، جیاوازی لەگەڵ چادری ئێستا ئەوەیە دەوار چنینی موی ئاژەڵانە و هەواکێشە و کە لە شوێنی بەرزی کوێستانەکاندا هەڵدەخرا تیشکی خۆر دەگەڕێنێتەوە و هەوای ساماڵ و فێنك دەداتە ناوەوەی ڕەشماڵەکە، دەوارەکە کۆن و پارچە پارچە دەبو پینە و پەڕۆ دەکرا پیٚ ی دەوترا چەپەر، چەپەر دەواری ناڕێك و پارچە پارچەیە جاریش هەبووە هەر لە

سەرەتاوە دەوارەکە لەبەر هەژارییماڵەکە بوبێ یان هۆی تر بە شێوەی ناڕێك و لە پارچە دەواری کۆن وپینەوپەڕۆ دروست دەکرێت تەنها خۆر دەگێرێتەوە، بە شێوەیەکی ڕێکی ئەندازیاری نییە .

چەپەر کە پەل و پۆی لێ دروست بوو ، با یاری پێ کردوو دەنگی لێوە هات دەڵێن چەپەرەشڕ ، چەپەرە شڕ پاشماوەی کۆن و ماوەی دەوار و چەپەرە دەوار و پینە و پەڕۆ شڕە ، لەئێستادا بونیان کەمە ئەگەر دەواریش هەبێت چەپەر و چەپەرە شڕ بەکارهێنانی نەماوە .

## نازاو :

وشەیەکی لێکدراوی ناز و ئاوە ، ناز هەر نازە و ئاویش هەر ئاو ، مەبەست لە نازاو لێرەدا ئەو گوڵ و گژوگیایانەن لە ڕۆژانە ئاو دەدرێن و لە ژێر نازی ئاودان ، وەك چۆن منداڵێکی بەناز پەروەردە بکەیت کە دایك و باوکی لێ دوور دەکەوێتەوە نازی نامێنێ گوڵ و ڕەیحانەی نازاویش هەمان جۆرە ، ڕۆژێ ئاو نەدرێ نازی بێ ئاوی پێوە دیارە و سیس دەبێ ، بەهەمان جۆر دەتوانی گوڵ و ڕەیحانەش وا پەروەردە بکەی کە دوو تا سێ ڕۆژ جارێك ئاوی بدەیت ، کە ڕۆژێك ئاو نەدرێ سیس نابێ بە هەمان جۆری ڕۆژی ئاودان سەوز و گەشە .

نازاو گوڵ و گژوگیای نزیك ماڵان و شوێنی پاراوو ئاو زۆرە ، هەمیشە سەوزە و نازی ئاوی زۆری پێوە دیارە ، ڕەنگە ئاوەکەشی ئاوی ساردی بیروکانیاوەکان بێت ، تا لە فێنکی ئێواران و بەیانیاندا ئاوبدرێ جوانتر گەشە دەکات بە پێچەوانەوە ئاودان لە گەرمادا نازی ئاوی لێدەبڕێ و هەڵدەپڕوکێ و درەختەکە سیس دەبێت .

## جەوەڵ ، جەڵەب :

کابرا لە کوێ ی ؟ هام لەو جەوەڵە لەگەڵ جەڵەبدام جەوەڵ شاخ و کێوە ، وشەیەکی کوردەواری پەتییە زۆتر ناوچەی گەرمیان بەکاری دەهێنێ تا ئێستاش کەم و زۆر بەکارهێنانی ماوە ، جەڵەب بە کەژ و کێودا دەبرێت یان دەلەوەڕێت .

جەڵەب ، سێ تا پێنج سەر ئاژەڵی مەڕ یان بزنە جامباز کەسی کڕیاری ئاژەڵە و کڕین و فرۆشتن بە ئاژەڵانەوە دەکات ، جەڵەب زۆر جار کاوڕە سێ تا پێنج ڕەنگە زۆر جار بگاتە شەش و حەوتیش کە جامباز دەیداتە پێش و دەیانبات بۆ کڕین و فرۆشتن دەڵێت جەڵەبم لایە .

حەسەن زیرەك لە گۆرانیەکدا دەڵێت :

ڕەبی بابت خێر نەکات لە جەڵەبی کاوڕێ ، جەڵەبی کاوڕ ، ژمارەیەکی کەمی بەرخی دوو ساڵە هەراش بوون و کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت ، هەر جۆرە ژمارەیەکی کەمی کار ، شەك ، بەرخ ، مەڕ ، بزن ، کاوڕ جەڵەبی پێ دەوترێ بەڵام جەڵەب بۆ کاوڕ لە هەموویان زۆرتر بەکاردێت .

## دەوەن ، بێشەڵان :

بێشەڵان ، وشەیەکی لێکدراوە (بێشە + ڵا) بۆ مەبەستی جیا جیا بەکاردێت وەك مەبەستی تایبەت بێشە بە شوێنی مانەوەی شێر دەوترێ بێشە شوێنی حەوانەوە و مانەوەی شێرە ، شێر کە لە بێشە هاتە دەرەوە ، ئامادەیە بۆ جەنگ و نان پەیداکردن ، وەك وتراوە شای دارستانیشە جگە لە پڵنگ شێر لە هەرەمی ئاژەڵە دڕندەکاندا هەژمار دەکرێ بێشەڵان بە مەبەستێکی تر بە یەکداچوونی ژاژوقامیش و گاپڕ و دارودرەختە لە شوێنی چەپ و کەنار ئاوەکاندا دروست دەبێ و دەوترێ بێشەڵانە ئەو بێشەڵانانەی نزیك بەکەنار ئاو و زۆر جار لە کەنار ئاوەکاندا دەکەونە دوورگەی بچووك بچووکەوە جێگەی خۆشاردنەوەی بەرازە لە ڕۆژدا کە لە شەودا دەچنە ناو بێستان و کێڵگەکان زەرەر لە بێستانەکان دەدەن ، لە ڕۆژیشدا لە بێشەڵان و دەوەن و شوێنە چەپ و نادیارەکاندا خۆ دەشارنەوە .

دەوەن وشەیەکە زۆربەی کات دوای وشەی دار دێت و هاوجوتە ، دار و دەوەن زۆر شت دەگرێتەوە ئەو شوێنانەی کە چیلکە و پووش و پەڵاش زۆری لێ کەوتوە ، کۆناکرێتەوە یان چڕ و وشك بوونە دەوترێ دار و دەوەنی زۆرە ، بەگشتی وشەی دەوەن بە چڕی دار و تێکەڵاووبوونی زەل و سەوزایی ، دەوترێ چ بە سەوزی بێت یان وشك ، تەنانەت زۆر جار بە دار و سەوزایی گەبەڵ گەبەڵ و چڕوە و سەوز و جێ جێ وشکە دەوترێ ئەم دەوەنە جێ ی حەشاردانی مارە و ئاگاداربن کاتێك نزیك دەبنەوە . پەندێکی کوردیش هەیە ، دەڵێت دەوەن بە ئاشێکی دروست کردوە ، مەبەست لە دەوەن بە ئاش بەکەسێك دەوترێ کە کێشە یان سەریەشەیەکی ناوەتەوە مەسەلەکە ئەوە ناهێنێ کە بەو جۆرە خەڵکەکەی سەرقاڵ کردووە زیادەڕەویە و قسەی زۆر دەکات جەوهەری کێشەکە ئەوە ناهێنێ ، مانای دەوەن بە ئاش تەواو جیاوازە لە مانای وشەی سادەی دەوەن ، مەبەست لە دەوەن لەگەڵ ئاشدا چڕوپڕی و بێ سەر و بەرەیی باسەکەیە .

## گۆت ، گوێزەبانە :

هەر کەسێك کە زۆر لەناوبەفر بمێنێتەوە یان سەرمای زۆری بۆ بێت و سەری پەنجەکانی سڕ بێت یان لە سەرما هەڵبلەرزێ ، دەوترێ هێندە سەرمای بووە ، خەریکە گۆت دەبێ یان گۆت بووە لەسەرمادا یان لە گۆت کەوتووە .

بەڵام مەبەست لە گۆت کردن لێرەدا سەرمانییە و کردارێکی وەرزشی سەرەتایی منداڵانی تازە لە دایك بووی ساوایە ، کە منداڵی تازە لە دایك بوو دەشۆرێ یان ڕۆژانە پاك دەکرێتەوە و

دەپێچرێ ، بە شێوەیەك كە كەمتر توانای جولاَنی دەس و قاچی هەیە ، بەم پێچانە توندە ، دەوترێ قومات یان قومات كردن .

قومات بەزۆری بە پارچە قوماشێكی سپی چوارگۆشە دەكرێ ، بە چمكەكانی ڕاست و چەپ توند منداڵەكە شەتەك دەدرێ تەنیا سەری ناگرێتەوە ، بە جۆرێك دەست و قاچی توانای جوڵەی نییە ، لە ڕووی تەندروستییەوە قومات خەوی منداڵەكە خۆش دەكات و گەرمیش پێچراوەتەوە ناهێڵێت منداڵ سەرمای بێت لە وەرزی زستاندا ، جار هەیە منداڵ دوای خەوێكی خۆش كە خەبەری دەبێتەوە ، قوماتەكە تۆزێك شل دەكەنەوەو هەر دوو دەستی دەهێننە دەرەوە بۆ جولاَندن بە تەنها لە سنگی بەرەو خوار لە ناو قوماتەكەدا دەمێنێتەوە و نیو قوماتە .

پێش قومات كردن زۆر جار منداڵ كە لە سەر پارچە قوماشی قوماتەكە دادەنرێ لەسەر ڕوو قاچ و دەستی ڕاست و چەپ لە یەك دەدرێ ، هەر قاچێكی چەپ بەرامبەر دەستێكی ڕاست دەدرێ لە یەك پاشان منداڵەكە دەخرێتە سەر پشت و هەمان كردار دوبارە دەكرێتەوە بەم كردارە دەوترێ گۆت ، گۆت ئەگەر بە هێمن و وشیاری ئەنجام بدرێت ، وەرزشێكی تەندروستییە و سوودی بۆ منداڵەكە زۆرە بە زۆری سڕی قاچ و دەستی دەردەچێت .

گوێزەبانە ، ئاهەنگی ناولێنانی منداڵە ، بە تایبەتی منداڵی یەكەم ، جاران كە منداڵ لە دایك دەبوو ، خزم و كەس و كار چەند ڕۆژێك پاش لە دایك بوون گرد دەبوونەوەو ناوی منداڵەكەیان دەناو بانگیان بە گوێ ی منداڵەكەدا دەدا و نوقڵ و شیرینی و گوێز و بادەم و فستقیان بەسەر خەڵكەكەدا دەبەخشانەوە و بەم دیاردەیان دەوت گوێزەبانە ، گوێزەبانە بە زۆری بۆ منداڵی یەكەم ئەنجام دەدراو جاریش هەبووە خێزانێك گوێزەبانەی بۆ هەموو منداڵەكانی كردووە بێ جیاوازی چ كوڕ بێت یان كچ .

ڕەنگە جاریش هەبێت تەنها بۆ كوڕ گوێزەبانە ئەنجام درابێت كچ تەنها كۆبوونەوەی ناو لێنانی بۆ ئەنجامدرابێت بێ ئەنجامدانی گوێزەبانە ، چونكە گوێزەبانە زۆرتر ، بەمانای بەخشینەوەی شیرینی و نوقڵ و چوكلێت و چەرەساتە لە ئاهەنگی ناولێنانی منداڵاندا .

## مەنگەنە ، ڕەبەن :

ئاو ، مەترسی خنكاندنی زۆرە ، بەتایبەتی ئاوی بەخوڕ و لافاو و گۆماوە قوڵەكان .

ئاوی ئاسایی كەڕێ ڕەوی پەڕینەوەی هەیە و خوڕ نییە ، بە ئاسانی دەتوانی لێ ی بپەڕیتەوە دەوترێ بوار ، بوار بە شوێنی پەڕینەوە لە ئاوی چەم و ڕووبارەكان دەوترێ .

زۆرجار بە تایبەتی لە دۆڵی ئاوێر و قوڵەكاندا كە بەخوڕ دەڕژێتە شوێنێكەوە سوڕ دەخواو هاژەی دێ بەم دیمەنە دەوترێ مەنگەنە ، مەنگەنە دیمەنی خول خواردنی ئاوە لە شوێنی تەسك و

قولّ و ترسانكدا به زۆری له دابەزینی ئاو له شوێنی بەرزەوە بۆ نزم دروست دەبیّ ئێستا بەو ئامێرانەی كه به شێوەی خول خواردن توانای هەڵكۆڵینی شوێنێكی هەیه دەوتریّ مەنگەنه ، كه له بنەڕەتدا له مەنگەنەی سروشتییەوە ئەو ناوەی بەباڵادا بڕاوە ، ڕەبەن ژێر تاوێر و ئەشكەوت و شوێنی ترسناكی ژێر ئاوە كه مەلەوان بچێته ناویەوە ، مەترسی نەگەڕانەوەی لیّ دەكرێت .

## زاراوە كەلەپوورییەكانی یاری هەڵماتێن :

هەڵماتێن ، یان موشێن ، یارییەكی كەلەپوری كوردەوارییە و ڕەنگە تا ئێستاش له هەندێك شوێنی كوردستاندا ئەنجام بدرێت .

یاریكەرەكان دەبن به دوو بەشەوە ، له دووكەسەوە تا ٢٠ كەسیش دەتوانن به یەكەوە یاریەكە ئەنجام بدەن ، جاران بەردی هەڵمان كه بەردێكی تایبەت و گەچ ڕەنگە به پارچه ئاسنێكی سەربازنەیی دادەتاشرا ، بەو پارچه ئاسنه دەوترا ، دەسكەلا ، دەسكەلا هەڵماتی خڕی پیّ دروست دەكریّ ، هەموو كەس ئاشنایی داتاشینی هەڵمانی نییه و زۆرجار كەسی شارەزا دای دەتاشیّ ، هەر یاریكەرێك هەڵماتێكی پێیه له پارچه زەوییەكی تەختی نیمچه لێژدا ، یاریەكه ئەنجام دەدرێت .

به پیّ ی ژمارەی یاریكەرەكان بەردێكی تەنك یان پارەی ئاسن ، دەنرێتەوە پیّ ی دەڵێن : مووش ماوەی نێوان دووری مووشەكان ، زیاتر له مەترێكە ، به پیّ ی ڕێكەوتن یەكەم یاریكەر له دووری چەند مەترێكەوە هەڵمات دەگرێته مووشەكەكان ، به یەكەم یاریكەر دەوتریّ بەگ ، دوابه دوای بەگ ، یەك به یەك هەڵمەتەكان تێدەگرن و به دوایاریچی دەوتریّ قڕە ، بەگ له هەر مووشێكی دا مووشەكە هەڵدەگریّ و براوەی ئەو مووشەیه ، یاری كەرانی دوای بەگ هەركامێكیان له بەگیان دا بەگ دەكوژریّ ، مووشەكه دەبیّ بدرێته یاریكەری براوە ، دوای به دوای بەگ جاری وا هەیه یاریكەری قڕە یەكێك له یاریچییه براوەكان دەكوژیّ و چی مووشەكی پیّ بیّ لێدەسەنیّ ، یاریكەری قڕە له باری قەرەباڵغدا ، زۆركەم مووشی یەكەم و دووەمی بۆ دەمێنێتەوە یاریكەری قڕە زۆركەم شانسی بردنەوەی هەیه بەمجۆرە یارییەكه بەردەوام دەبێت تا یەك مووش دەمێنێتەوە ، بەو مووشه دەڵێن حەج یاریكەرەكان له دەوری حەج كۆدەبنەوە ، هەر كەس له حەج بداو نەكوژرێتەوە ، دەبێته براوەی یارییەكه بەوەی كه هەڵمات دەگرێته حەج و كەلای یاریچیان هەر یاریچییەك له دەوری حەج بێت دەتوانیّ بیكوژیّ و دەوترێت حەج و یاری .

یاریكەران دەتوانن تاك تاك و هەر كەس بۆ خۆی یاری بكات یان بن به دوو كۆمەڵەوە و شەریك بن ، شەریك شەریك ناكوژیّ له یارییەكەدا مەگەر به ڕێكەوتن بێت .

حەج کەر یان بە پیێ ی ڕێکەوتن یاریکەری براوە دەبێتە بەگ لە یاری دووەمدا ، دوا یاریکەری دۆڕاو دەبێتە قڕە ، جاری واش هەیە لەسەر داوای خۆی یاریچییەك دەبێتە قڕە ، قڕە هەر کەسێکی کوشت یان مووشی خوارد دەتوانێ لە یارییەکە بەردەوام بێت ، تا لە هیچ نادا یان دەکوژرێ ، هەڵماتێن بە گوللە شوشەی ڕەنگاوڕەنگی تایبەت ئەنجام دەدرێت ، بە گوللەی هەڵماتی داتاشراو دەوترێت کەلا ، کەلا گەورە و بچووکی هەیە ، ڕێك داتاشینی کەلا ، دەوری سەرەکی هەیە لە لێدان و بردنەوەی یارییەکدا .

یاری هەڵماتێن لەسەر پارە یان بۆ خۆشیش دەکرێ بە زۆری لەوەرزی زستاندا لە گوندەکاندا ئەنجام دەدرێت ، یارییەکی باوە زۆرکەس شارەزایی لە بارەوە هەیە ، باسکردنی لێرەدا زۆرتر مەبەستمان زاراوەکانی ناو یارییەکەیە .

هەڵماتێن لە کۆڵان و شوێنی چەپ و لادیواردا ئەنجام دەدرێت ، لە گوندە قەرەباڵغەکاندا زۆرترین ژمارەی خەڵکی گوندەکە لە دەوری یاری و یاریکەران کۆدەبوونەوەو زۆرتر عەسرانی درەنگ و ئێواران ئەنجام دەدران .

هەڵماتێن یان مووشێن یان کەلێن بە پیێ ی ناوچەکان ناوەکان دەگۆڕێ .

## ڕووبەند ، پشت بەند :

**کۆڵان بە کۆڵان ، جادە بە جادە .          نەشمیلەی چاو جوان ڕووبەندت لادە .**

ڕووبەند ، پارچە چوماشێکی درێژی ڕووبەرتەختە ، زۆرتر لە نێوچاوان دەپێچرێ و نێوچاو دەشارێتەوە ڕووبەند تەنها بە دەوری سەردا دەپێچرێ دواتر سەرپۆش یان لەچك دەدرێ بە سەریدا و لە ئێستادا ڕووبەند هەیە و جۆر و بەکارهێنانی زۆرە ، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ڕووبەندی کەلەپورییە کە جاران زۆربەی کچان و ژنان دەیانبەست ، ڕووبەندی ئێستا بەکارهێنانی بۆ مەبەستی جیاواز و جیاوازە ، پشت بەند ناوەکەی لە خۆیەوە هاتووە چارۆکە یان پارچە قوماشێکی گریە دراوە بە ناوشانەوە منداڵ یان شت و مەکی تێدەکرێ سەری چارۆکەکە بە شان و سنیگەوە دەبەسترێت لە کاتی ڕۆیشتن بۆ دەشت و دەر بەکاردەهێنرێت منداڵەکە یان پارەکە دەکەوێتە سەر شانی هەڵگری پشت بەندەکە و کەسەکە کەمتر ئەرکی دەکەوێتە سەر لە جوم و جوڵ و ڕۆیشتندا .

بە تایبەتی ئەو ژنانەی کە یەك باڵ و کاری دەکرد هەبوو هاوشانی مێردەکانیان ، کەسیان نەبوو منداڵەکەیانی لا جێبهێڵی منداڵەکەیان دەخستە پشت بەندەوە سەرەڕای هەڵگرتنی پشت بەندەکە کاری جۆراو جۆری تریان هاوشانی پیاوان دەکرد ، دەتوانرێ ناوی جیاوازی تر بە پیێ ی شوێن و بەستن و هەڵگرتن و قورسیەکە بێتە ئاراوە ، وەك کۆڵبەند ، کۆڵبار ، کە زۆرتر بەمەبەستی هەڵگرتنی شت و مەك لەسەر گازی پشت ، ئێستاش ئەوانەی کە قاچاخچێتی دەکەن

کۆڵ بەند و کۆڵبار بەکاردەهێنن ، پشت بەند ، ڕووبەند ئێستاش بە شێوازی جیا جیا بەکاردێت بەڵام ڕووبەند و پشت بەند بە چارۆکە و هەوری مەبەستی ئێمەیە ، لە ئێستادا بەکارهێنانیان کەمە و چونەتە خانەی کەلەپوورییەوە .

## زاراوە کەلە پوورییەکانی بواری کێشانە :

مادده وەك چ کەل و پەل ودانەوێڵە بێت یان هەر ماددەیەکی تر پێویستی بەکێشانە، کێشان زۆتر ئەو ماددانە کەقورساییان هەیە کێشان بۆ چۆنیەتی ڕادەی قورسی ماددەکەیە لە کڕین وفرۆشتن وبەکارهێناندا لەئێستادا کێشان بەگرام، کیلۆ، نیوگرام، نیوکیلۆ، تەن، دەکێشرێت

بەڵام لە ڕابردوودا کێشان بە شێواز و ناوی جیا جیا کێشراوە ، زۆربەی کێشانەکان بە بەرد و دار و تەنکە و بەرمیلی جۆراو جۆر ، زۆتر بۆ کێشانی دانەوێڵە گەنم و جۆ ، نیسك ، نۆك ، بەهارات ... هتد بەکارهاتووە، لە ئێستادا کار بەو کێشانانە ناکرێت بگرە هەندێکیان هەر ناوەکانیشیان لە بیرکراون، هەندێکیشیان وەك قزناخ وتەنەکە وڕەنگە بە دەگمەن لەهەندێ ناوچەدا کاری پێبکرێت ، ئێمە لێرەدا بە مەبەستی لە ناونەچوونیان یەك بە یەك ئاماژەیان پێ دەدەین .

## ئەلیزرەم ، ئیزرەم :

ئەلیزرەم ، ئیزرەم : دوو سەنگی کێش سووکی کێشانەن ، بەرامبەر گرام و چارەکە کیلۆ گرامی ئەمرۆن زۆرتر لەبەرد دەتاشران و بۆ کێشانی شەکر ، چای ، لیمۆندزی ، بەهارات ، ئەو شتانەی کە بە بڕی کەم دەکڕان بەکارهاتوون .

ئیزرەم کێشی ٢٥٠ گم ئێستا بووە ئیزرەمی دوو ئەلیزرەم بووە .

زۆرتر بەقاڵ و دووکاندار و ئەو دەستگێڕ و کەسانەی کە چای ، شەکر ، بەهارات ، لیمۆندزی .. هتد یان دە فروشت بەکا ریا ن دە هینا . مە رج نەبوو ئیزرەم ئە لیزرەم ، هەر بەرد بونایە جار هەبوو پارچە ئاسن یان تەختە یان هەر شتێك قورسایی هەبوایە دەکرایە ئیزرەم و ئەلیزرەم دەتوانرا ئیزرەم ئەلیزرەم بچووك بکرایەتەوە بۆ نیو یان چارەك و کێشی سووکتریش بە هەمان شێوەی گرامی ئێستا بۆ ٢٥ گم ، ٥٠ گم ، ١٠٠ گم ، بە پێی پێویستی بواری کێشانە تۆمار دەکا .

مەن : یەکێکە لە جۆری ئەو کێشانەی دەمێکە نەماوە و بەکارنایەت مەن و کێشانەیە بە مەن .

مەن ، مەنجەڵ یان دەفرێکی گەورەی کێشانە بوو بۆ دانەوێڵە و گەنم و جۆ بەکاردەهات ، دەفرەکە پڕ دەکرا لە گەنم یان جۆ ، پاشان بە دارێك سەری دەفرەکە دارماڵ دەکرا و دەکەوتنە کێشانەی گەنم و جۆکە ، مەن بە مەن بڕی دیاریکراوی دانەوێڵەکە

## حۆقه :

یەکێکە لە جۆری کێشانەکان کە زۆرتر لە بواری ڕۆن کێشان و دانەوێڵەدا بەکاردێت ، حۆقەیە حۆقە لە بەرد یان هەر کەرەسەیەکی تر دروست دەکراو وەك کیلۆی ئێستا بۆ کێشانی شت بەکار دەهات .

هەر هۆقەیەك بەرامبەر چوار کیلۆی ئێستا بووە ، واتە ئەگەر کێشانی شتێك پێویستی بە زیاتر لە یەك بوایە ، ئەوات حۆقەیان بەکار دەهێنا ڕەنگە لە ناوچەکان جیاوازی هەبێت لە ناو و یان جۆری کێشان ، شتی تر بەرامبەر حۆقە بەکارهاتبێت ، ناوی تری لێ نرابێت بۆ کەمتریان زیاتر لە چوار کیلۆ بەکار هاتبێت ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی حۆقە بۆ کێشانی مادەیەکە سەنگیان لە دوو تاسێ کیلۆ زیاترە بە زۆری لەبەر دروست دەکراو کێشانەی پێ دەپێورا .

## ڕبە :

کورد وتەنی یەك ڕبە هەنارم هێناوە ، ڕبە هەنار واتە دۆشاوی هەنار ، بەڵام ڕبە لێرەدا دۆشاو نیە و کێشانەیە ، یەك ڕبە هەنارم هێناوە ، واتە بڕێکی زۆری هەنارە یە گوین یان چارۆکە و کۆڵوانە .

ڕبە جۆرێکی تری کێشانە ، دووبارەی قزناغە کە دووقزناغت پێوا ، دەڵێ ی ڕبە ، ڕبەیەك جۆ یان گەنم دوو قزناغی دارماڵ دانەوێڵەیە چ جۆ بێت یان گەنم .

ڕەنگە ڕبە لە شوێنی تر ناوی تری هەبێت بەڵام زۆرتر لە گەرمیان و بناری سەگرمە بەکارهاتووە ، ڕبە دوو قزناغە کاتێك کە گەنم و جۆ دەکێشرا بۆ کورت کردنەوەی ژمارەی قزناغەکان ، دەوترا ڕبە ، ڕەنگە لە شوێنی تر ڕبە ، بۆ ژمارەی زیاتری قزناغ بەکاربێت بەڵام ئێمە مەبەستمان لە ناوهێنانی زیاتر مەبەستە کەلەپوریەکەیە .

## قزناغ ، دارماڵ :

قزناغ ، جۆرێکی ئاسایی و زۆربەکار هێنراوی کێشانەی دانەویڵەیە ، بە شێوەی نیو قزناغیش هەیە ، کە نیو بەرمیلە قزناغ کە دانەوێڵەی پێ دەپێورێ دانەوێڵەکە لەسەر قزناغەوە بەرز دەکرێتەوە یان دارماڵ دەکرێت .

دارماڵی هەر کێشانی قزناغە ، بەڵام کە بەرمیلەکە پڕبوو دارێکی تیرۆکی درێژ دێنێت بەسەر تەنەکە کەداو تا لێواری تەنەکە و بەرمیلەکە دانەوێڵەکە دەپێورێت و دەوترێ دارماڵە ، لەم

دوایانەدا تەنەکەی ڕۆن دەکرا بەقزناغ ، بەهەمان شێوەی بەرمیل بە نیو قزناغ یان قزناغ یان دەرماڵ دانەوێڵەکەی پێ دەپێورا .

## باتمان :

ئەو بڕە شوتیە ، شوتیەکی گرتووە ، یەك باتمان دەبێت ، ئەمە وتەیەکی ئاسایی خاوەن بێستانە ، بڕ، قەدی ڕووەکی شوتییە ، بڕ کەم باڵا دەکات و زۆرتر بەسەر زەوی بێستانەکاندا ، دەخشێت ، گەڵای ڕووەکی شوتی گەڵایەکی پانە ، لە گەڵای ڕووەکە خشێنەکانی سەرزەوی وەك کاڵەك و کولەکە دەچێت .

باتمان چەند جارەی کیلۆیە ، ئەگەر مادەیەکی گەورە لە ٢٠ کیلۆ زیاتر بوایە بەباتمان دەکێشرا ، یاخود شتێك کە ٢٠ کیلۆ بوایە ، دەوترا باتمانێکە ، باتمان ، ٢٠ کیلۆ گرامی ئێستایە ، لە کێشانەدا بەکار دەهات ، زۆتر بۆ میوە و چەڵتوك و شتی تر بەکار هاتووە ، دووبارە ڕەنگە باتمان لە شوێن و ناوچەی جیاوازدا بە ڕێژەی تر وترابێت کرۆکی مەبەست پاراستنی وشەکەلەپوریەکەیە .

## تەغار :

دەوترێت فلان کەس ئەم ساڵ شکارتەت کردووە ؟ وەڵام دەداتەوە جێگەی تەغارێم کردوە ، تەغار کێشانی گەنم و جۆ و دانەوێڵەیە ، بە قزناغ کە ژمارەی قزناغەکان چووە ٣٠ قزناغ ، دەوترێت تەغارێك دووبارە لە ژمارە یەکەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ٣٠ قزناغی دووەم و دەوترێت دوو تەغار .

کەرەسەیەك نییە کە بەیەك جار یەك تەغار بکێشی و هەر دەبێت قزناغ ، قزناغ بکەیتە تەغار.

بەڵام جار هەیە ئەوانەی کە شارەزایی زۆریان لە جوتیاری هەیە خەرمانی سوری گەنم و جۆ ببینن دەزانن چەند تەغارە بە مەزەنە ، یان سەیری پارچە زەوی کشتوکاڵی بکەن ، دەڵێن جێ ی ئەوەنە تەغارە لە ئێستادا تەغار بەکارنایەت و کێشانی بڕی زۆری دانەوێڵە بە تەنە .

## مزه و كەبسول :-

مـزەو ئاشـەوان ، دوو وشـە و كـارى لێكـدراو بـە يـەكن لـە ئێسـتادا ئاشـى ئـاو نـەماوە و مزەش ڕەنگە گوڕابێ بۆ پارە و شتى تر .

مزە ، ڕێژەى ديارى كراوى باراشـە ، بۆ ئاشـەوان كاتێك باراش دەبەيتـە ئـاش بـۆ هاڕين بـۆ ئـارد ئاشـەوان بڕێـك يـان ڕێژەيـەكى ديـارى كـراو لـە باراشـەكە گل دەداتـەوە بـۆ خـۆى بـەم ڕێژەيـە دەوترێت مزە .

مزە ، مافى دياريكراوى ئاشەوانە ، ڕەنگە مزە بە پىێ ى ڕێكەوتنى نێوان ئاشەوان و خـاوەن باراش ديـارى بكرێـت ، يـان ئاشـەوان ڕێژەيـەكى ديـارى كـراوى مـزە بـە پـىێ ى قزنـاغ و باراشـەكە وەربگرێت ، چ گـەنم بێـت يـان جـۆ كـە گـەنم زۆرتـر بـۆ ئـارد دەبـوو ، جـۆ دەكرايـە ئـاڵف بـۆ ئـاژەڵ ، ئاڵف زبر ترە لە ئارد .

ڕەنگە زۆر جار مزە وەرگر ، ڕادەى وەرگرتنى گەنم و جۆ لاى جياواز بێت .

كەبسـول ، دەفرێكـى درێژكولەيـە ، مـزەى پـىێ دەگـيرێ يـان دەپێـورێ ، لـە شـێوەى جـامى درێژكۆلەى بە فرگرى ئێستايە ، مزە بە كەبسول دەپێورا بە پىێ ى ڕێكەوتن يان ڕادەى باوى مزە ، ئەوەندە كەبسول لە باراشەكە دەردەهێنرا ئاشەوان دوو جێگەى جياوازى مزەى هـەبوو يـەكىێ بۆ گەنم يەكێك بۆ جۆ ، يان جارى وا هەبوو چەند جێگەيەك بە پىێ ى جياكردنەوەى جۆرى گەنمەكان قەنارى ، ڕەش گوڵ ، مەكسيكى .... بە گشتى ئاردى گـەنمى قـەنارى نـانى زۆر سـپى و بەتامـە ، جۆوش دوو جۆرى ڕەش و سپى هەيە .

ئاشەوان بژێوى ژيانى لەسەر مزە پەيدا دەبوو بۆيە زۆر جار ئەوانەى ئاشەوانيان دەكرد ، جوتيار نەبوون يان گەنم و جۆيان نە دەكرد و دەوترا زەخيرەيان هەيـە بـۆ سـاڵ ئـەوەى لـە پێويسـت زياتر بوو دەفرۆشراو ، دەوترا مزەى ئاشە .

## ماشە :

تەڵەى ماسى گرتنە ، بەڵام جياوازە لە هەموو جۆرەكانى ترى تەڵـە و تەڵەيـەكى تـەواو سـادە و دەسـتكردە ، سـوود لـەو تێبينيـيە وەرگـيراوە كـە ماسـى هەميشـە تـەواو پێچـەوانەى ئـاو ڕىێ دەكـات ، بـە پێچـەوانەى ئاراسـتەى ئـاوەوە ، ماشـە لـە ڕىێ ڕەوى ئـاوى ڕووبارەكانـدا دروسـت دەكرێت ، كارەكە زۆرتـر هەرەوەزييـە ، هـەموو خـەڵكى گونـد بـە يەكـەوە دەيكـەن يـان بـە لايـەنى كەمەوە لە سىێ كـەس كـەمتر نين ، جـارى وا هەيـە دوو گونـد و زياتريش ماشـە ئـەنجام دەدەن بـە يەكەوە .

لەسەرەتاوە خەڵکەکە بە بەردی گەورەی ناوەو دەرەوەی ئاوەکە ، بنەوانە دروست دەکەن ، بنەوانەکە بۆ کۆکردنەوەی ئاوو دروست کردنی تاڤگەی بچووکی ئاوە بە ئەندازەیەك ئاوەکە بە شێوەی خوڕ و خێرا لە بەردە کانەوە دادەبەزێت و ڕێڕەوی ئاسایی خۆی بکات ، بەردەکان گەورە و بچووك و خڕە بەرد و ووردە دارن ، کە نابێت نێوان بەردەکان ئاوی زۆری لێوە دزە بکات و ئاو لە بەنداوەکەدا کۆ نەبێتەوە .

دوابەدوای دروست کردنی بنەوانە و بەنداوێکی بچووکی سادە و ساکار ، پەرچ و دار بەگەڵاوە دەهێنن لە دیوێکی بەردە ڕاگرەکانی بەنداوەکەدا دای دەنێن ، مەرجە دارەکان هێندە شاش بن ئاو لە سەریان نەوەستێ و ماسیەکانیش نەتوانن لەگەڵ ئاوی سەر دار و پەرچەکەدا بڕۆن و بکەونە ژێر دار و پەرچەکانەوە .

کە ماسی دێت و دەگاتە دیواری بنەوانەکە خۆی هەڵ دەدات دەکەوێتە سەر دار و پەرچەکە و بێ ئاو لەسەر دارو پەرچەکە دەوەستێ جاری وا هەیە یەك تا دوو جاری تر هەوڵی خۆ ڕزگار کردن دەدات ، دار و پەرچەکە بریندار دەکات و دەمێنێتەوە تا بەتەواوی گیان لە دەست دەدات ، بەمجۆرە ماسییەکان دەکەونە تەڵەی ماشەوە بێ گیان لەسەر دار و پەرچەکە دەمێننەوە ، زۆرکەم ماسی زۆر ووردی پێوە دەبێت ، چونکە یەکەم ماسی وورد کەمتر توانای خۆ هەڵدانی هەیە و دووەم دار و پەرچەکە بە جۆرێك شاشن و ئاو لە نێوان قەد و گەڵاکانیەوە دزە دەکات ، کە ماسییە بچووکەکانیش دەتوانن خۆیان ڕزگار بکەن .

ماسی ماشە ماسییەکی سروشت گەورەبووی ئاوی ڕووبار و چەمەکانە ، تامێکی خۆش و سودێکی زۆری هەیە لە خواردندا و بە وێنەی ماسی حەوزە دەستکردەکان نییە .

ماشە جاری وا هەیە شەو دەنرێتەوە تا بەیانی جێ ی دەهێڵن و ڕۆژی دوایی دێنەوە سەری جاریش بووە یەك تا دوو کەس شەو بە دیار ماشەکەوە ماونەتەوە تا بەیانی و ڕۆژی دواتر ماسییەکانیان هەڵگرتووە .

ماشە دەتوانرێت لە شەوێك زیاتر بمێنێتەوە ڕۆژانە ماسییەکانی سەری هەڵگرن لە ئێستادا ماسی گرتن بۆ فرۆشتنە ، زۆربەی ماسی گرەکان تۆڕ و کەرەسەکانی تر بەکار دێنن لە ئێستادا ماسی بەماشە زۆرکەم دەگیرێت ، ڕەنگە لە هەندێ ناوچە شاخاوی و کوێستانەکاندا بەکاربێت .

## شەمە تلێنکە :

ئاوێکی سەیرو سەمەرەیە ، لە زۆر شوێنی کوردستاندا بەکاردێت ، ڕەنگە لە ناوچەی تردا هەبێت ، ناوی تری بۆ بەکار بێت .

شەمە تلێنکە ، زیندەوەرە ، زیندەوەرێکی بچووکە و لە هەنگ دەچێت بەڵام جیاوازی لەگەڵ هەنگدا ئەوەیە هەر لە دەشت و دەردا هەیەو بە هەمان شێوەی هەنگ ماڵی ناکرێت .

شەمە تلێنکە لە شاربازێر و زەوی هەر دوو بەردەڵان و شاخ و گرد و ڕووتەڵاندا هەیە ، بە هەمان شێوەی هەنگ لە گوڵ و گوڵزار و کاسە و کۆپەڕەی گوڵ هەنگوین دروست دەکات ، بەڵام هەنگوینی شەمە تلێنکە بڕێکی زۆر کەمە و بەهەمان شێوەی هەنگوینی هەنگ زۆر و دەست کەوتوو نییە .

چزوی پێوەدانی شەمە تلێنکە ، لە چزوی پێوەدانی هەنگ گەورە و درێژترە ، هەروەك هەنگ بە مرۆڤەوە دەدات تەنانەت ئازار و پێوەدانی لە ئازاری هەنگ زۆرترە بە هەمان شێوە پێست دەئاوسێنێت و هەستەوەری دروست دەکات زیندەوەری تر لە چەشنی زەردەواڵە ، زەردەزیرە زۆرن ، بەگشتی لەسەر ڕووەك و گوڵ و گژ وگیا دەژین ، بەڵام بەتەنها هەنگ و شەمە کلێنکە هەنگوین دروست دەکەن هەنگوینی شەمە تلێنکە ، زۆرتر لە پاییزان و لە دەشت و دەردا هەیە ، کاتێك شاری زیندەوەرە کە دەدۆزرێتەوە شانەی هەنگوینەکە دەردەهێنرێت بەڵام بڕەکەی زۆر کەمە و بۆ فرۆشتن دەس نادات .

شوێنی ژیانی ئەم زیندەوەرانە پێ ی دەوترێ شار ، شار مەڵبەندی پێکەوە ژیانی زیندەوەرەکانە ، بە زۆری دەکەوێتە بن بەرد و تاوێر و شوێنی بەرزی و عاسیەوە کە مرۆڤ زۆرکەم دەستی پێدەگات ، ئەوەی بەرەو ڕووی شارەکەیان بچێت بە گژیدا دەچنەوە و پێوەی دەدەن .

## مێژەلوك ، گوناروگەڵاڕن ، بن مێو :

مێو درەختی تریێ یە ، بە گشتی دوو جۆر تریێ هەیە ، تریێ ی ڕەش و تریێ ی سپی ، ڕووەکی مێو بە هەر دوو شێوە لە دەشت و لە ماڵان دەڕوێ ، شێوازی ماڵان لەگەڵ گەورەبووندا کەپری بۆ دروست دەکرێت زۆر جار کەپرەکە سێبەر و گەراجێکی جوانی لێ پێك دێت ، بەڵام مێوی کێوان کە پێ ی دەڵێن ، ڕەز ، زۆرتر لە زەوی ڕوو تەلانی و لێژدا دەکرێت ، باڵای زۆر بەرز نابێت و زۆرکەم ئاوی پێویستە ، زۆرتر لەسەرەتاوە ئاو دەدرێت ، لە ناوەڕاستی وەرزی بەهار و پێش ڕشانەوەی مێوەکە (کە مێو چرۆی بەرسیلەی ووردی دانا دەڵێت ڕشاوەتەوە) دەبێت مێوەکە بن مێو بکرێت ، بن مێوکردن چاککردن و هەڵگرتنی زەوی بن مێوەکەیە ، بە جۆرێك هەڵ بگێڕێتەوە کە زەویەکە نەرم و شی بێتەوە ، سەوزایی و گژوگیای بن مێوەکە ، هەڵ بکەنرێت تا بەشداری خواردنی مێوەکە نەکات لەو پارچە زەویەی کە مێوەکەی تیا لێدراوە مێو جگە لە گەڵای ناسك و پان کە بۆ یاپراخ دروست کردن بەکاردێت لاستیکێکی ناسك و لول دروست

دەکـات ، بڕینـی ئـەم لاسـتیکە ناسـك و لولـە پـیّ ی دەوتـریّ گونـار بـڕین ، بڕینـی گونـار بـۆ بەرهێزکردنی قەد و گەڵای مێوەکە و گرتن و بەهێزکردنی بەرسیلەیە .

گەڵاڕن ناوەکەی مـان دەدات بەدەسـتەوە ، زۆرجار گـەڵای ناسـك و جیّ بـەجیّ بـە مێوەکـەوە دەڕنن بۆ لێنانی چێشتی یاپراخ بەکاردێت ، زۆر جار لەگەڵ کرداری گەڵابڕین مێوەکـەدا درەخـت و سـەوزایی دەوروبـەری مێوەکـەش دەبڕێـت ، بەگشـتی گونـار و گـەڵاڕن دوو کـردارن لـە مێـودا بەیەکەوە یان جیابەجیا ئەنجام دەدرێن .

مێژەڵوك ڕنینی گەڵا ناسك و سەوزەکانی مێوە دوو سودی هەیە ، یەکەم بۆ چێشت لێنـان و دووەم بـۆ بـەهێزکردنی قـەد و بـاڵای مێوەکـە ، مێـژەڵۆك نابێـت هـەموو کـات و هـەموو گەڵایـەك بگرێتەوە و دەبێت لەلایەن کەسانی شارەزاوە ئەنجام بدرێت .

## دۆخە :

بەو ئاژەڵانـە دەوترێـت کـە لـە ماڵێکدا جێگیر دەکرێن و کڕین و فرۆشـتنی پێوە ناکرێت و تایبەتـە بـە بـەروبوومی شیرەمەنی ، دەوترێـت فلانەکـەس ئاژەڵـت بـۆ فرۆشـتن نییـە ؟ دەڵێـت وەڵا چەند سەرێکم هەیە دامناوە بۆ دۆخە ، بۆ فرۆشتنم نییە ! .

دۆخە دیاریکردنی چەند سەر ئاژەڵە کە تایبەتە بە دۆشین و شیروماست ، کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت ، ڕۆژانە دەدۆشرێن .

دۆخـە زیـاتر بـۆ مـاوەی سـاڵێکە ، ڕەنگـە لـە سـاڵی دواتـردا ئاژەڵـەکان بگـۆڕێن زۆرتـر ئـەو ئاژەڵانەی کە زاوزیّ دەکەن و شیردارن بۆ دۆخە دادەنرێت ، لە هـەموو بوارەکانـدا دۆخـە لـە چـەند سەر ئاژەڵێك تێناپەڕن تایبەت بە بەرهەمی شیرەمەنی ئەو خێزانانەی کـە خـاوەن مـەڕ و ماڵاتەکـەن یان جاری واهەیە لە خاوەن ئاژەڵێکی دەسەنن و دای دەنێن بۆ بەروبوومی شیرەمەنی .

## خێلو ، قنلاشکە :

ئەو پارچە خەلەم هەیە بوە بە خێلو ! ، خێلو بەو پارچە زەویانـە دەڵـێن کـە کراونـە بـە دەغڵ ودان و سـەوز بـوون یـان گوڵیـان کـردووە بەروبوومیشـی هێنـاوەتـە بەرهـەم ، بـەڵام بەروبوومەکـە بەکەڵکی دورینەوە نایەت ، چ بە دەراسە بێت یان داس و درەو ، بەم خەلەیە دەوترێت خێلو .

خێلو ، ڕەنگە بە هۆی خراپی زەوی کێلانەوە یان بەرزنزمی خاکەکەوە هاتبێتە بەرهەم ، یـان لەسەرەتاوە ئاژەڵ چوەتە ناویەوە بە کەڵکی دوورینەوە نایەت ، ڕەنگیشە خێلو بەهۆی چۆلەکە و پەلەوەرەوە بێت ، کە دەغڵ و دانەکەی خواردووە و بەکەڵکی دورینەوە نایەت دەنکی تیا نابێت ، قنلاشکە ، گـەڵای وشـك بـووی ڕووەکـی قنگـرە کە گەڵایـەکی پـان و دڕکـاویـە دوای ئـەوەی وشـك

دەبێت و با یاری پێ دەکات و دەیدات بەم لاو بەولادا لەبەر سوکی کێشی گەڵاکە ، زۆرجار گەڵاکان لە پەنا دیوار و ئەو شوێنانە کۆ دەبێتەوە کە با و گێژەڵوەکە نایان گرێتەوە تێیدا کەڵەکە دەبن ، ڕەنگە بەگەڵای وشکبووی ڕووەکی تریش بوترێت قنلاشکە .

پەندێکی کوردی هەیە : دەڵێ : قنلاشکە لە خۆی بەشکە ، ئەم پەندە زۆتر ئەو کەسانە دەگرێتە کە خۆیان ڕاڕان و کاتێك دەچنە ناوخەڵکەوە یان باسێکەوە یەکسەر وادەزانن باسەکە باسی ئەوە ، یان هەڵدەدەن و خۆیان دەخەنە باسەکەوە . جاری وا هەیە تاوانبارێك کە تاوانی ئەنجامداوە، هێندە لە دەروونەوە لەگەڵ لێکدانەوەو دەرەئەنجام و ئایندەی تاوانەکەیدا هەڵچوون و داچوون دەکات، هەمیشە دەکەوێتە مەترسییەوە و دوودڵە، ڕوو لەهەر شوێنێك دەکات وا دەزانێت لە کەمیندان بۆ گرتنی، یان کە زەنگی بۆ دێت دەترسێت باسی کەتنەکەی ئەم بێت لەم حاڵەتەشدا پەندە کوردییەکە دێتەوە ئارا قنلاشکە لە خۆی بەشکە .

## کۆڕبەستن :-

لەگەڵ خوێندنەوەی وشەکەدا ڕەنگە خوێنەر بیری بە لای کۆرگێڕان و سازدانی کۆڕ و سمینارەوە هەبێت بەلام مەبەست لە کۆڕبەستن لێرەدا کارێکە ئاژەڵان بەتایبەتی مەڕ دەیکات لەکاتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیدا کە پلە کانی گەرمی بەرزدەبێتەوە مەڕ هەراسان دەکات ئیتر توانای لەوەڕخواردنی نییە ، هەموویان سەردەکەن بەلای یەکدا و ڕیزێ دروست دەکەن پێ دەوترێ کۆڕبەستن مەرج نیە کۆڕبەستنی مەڕ تەنها لە پەچە و شوێنی دۆشین و حەسار و حەوشەدا بێت بگرە جاری وا هەیە لە دەشت و دەر و بەڕێگا ڕۆیشتنەوە کۆڕ دەبەستن ، کات و ماوەی کۆڕبەستن بە زۆری چێشتەنگاوێکی درەنگ تا کاتی ڕادان و عەسرێکی درەنگە ، کە دنیا فێنك بوو کۆڕبەستن ڕادەدرێت و دەس دەکەن بەلەوەڕخواردن .

مەڕ زۆر لە بزن زیاتر جارِس دەبێت بەگەرمی وزەی خۆر و هەمیشە کۆڕدەبەستن .

## مالا ، مالاوا :

گاوانی یەکێکە لە کارە دێرینەکانی تاکی کورد ، گاوان جیاوازە لە شوان ، گاوان لەوەڕاندن و چاودێری کردنی ئاژەڵی گەورەیە گا ، مانگا ، لە کاتێکدا شوان بە زۆری لەوەڕاندن و چاودێری کردنی مەڕ و بزنە . لە ئێستادا گاوان زۆرکەم بۆتەوە یان نەماوە بەلام شوان هەر هەیە ، گاوان بەڕێوەبردنی ئاژەڵی سنوری گوندە بەکرێ ، کرێ ی گاوان ، مانگانە و بە پێ ی سەرە هەر سەرە ئاژەڵێك نرخێکی مانگانەی بۆ دادەنرێت دەکرێت لە جیاتی پارە ڕێکەوتنی تریش بکرێت و شتی تر وەربگیرێت ، زۆر جار کە کەس گاوانی نەدەکرد لە گوندەکەدا هەر ڕۆژەی

ماڵێك نۆبەرەی گاوانی بەر دەكەوت و دەوترێت (نۆرە گایەل) نۆرە گایەل هەموو ماڵەكان دەگرێتەوە بە ڕۆژانەیان دوو ڕۆژ جارێك یان بە پێ ی ڕێكەوتن ، نۆرە گایەل ئەنجام دەدرێت .

گاوان جگە لە كرێ ی مانگانەی مافێكی تری بەردەكەوێت بەوەی ئێواران لە عەسر بەدواوە كەسێكی ماڵی گاوان چارۆكەیەك دەكاتە شانیداو ماڵ بە ماڵی گوندەكە دەگەڕێ و لەهەر ماڵێك نانێكی تیری كۆدەكاتەوە كاتێك كە دەچێتە بەر دەرگای ماڵەكە هاوار دەكات ماڵا ، ئیتر ماڵە لەمەبەستەكە تێ دەگەن و نانێكی بۆ دەهێنن .

نان كۆكردنەوە بە وشەی ماڵا لەدەرگای ماڵان دەست پێدەكات و ڕەنگە هەندێ كەس ماڵاوا بكەن بە ماڵا، وەك دەربڕینی كورد كراوەی ماڵ ئاوا ، بە زۆری ئێوارانی درەنگ دەكرێت وئەو ماڵەی گاوانە پێویستی بە نان كردن نییە و ڕۆژانە نانی زۆر كۆدەكاتەوە بۆیە جاران ئەو ماڵەی كەنانكەروكابانی كردنی نەبوایە پشتگیری دەكرا ببێتە گاوان تا لەگرفتی نان كردن ڕزگاری بێت .

## سكڵ ، ڕەژوو ، پشكۆ :

سكڵ داری تەڕە كە دەسوتێ ، بە زۆری دارەكە هێندە تەڕە دوكەڵ دەكات و گڕ ناگرێت بەم دارە كە دوكەڵ دەكات دەوترێت سكڵ ، بە تایبەتی داری بەڕوو كاتێك دەكرێتە سۆپەی دارەوە دوكەڵێكی زۆر دەكات و تا ماوەیەكی كەم گڕناگرێت سودی سكڵ لەوەدایە بەرەنگاری دەكات زوو ناسوتێت تا ببێتە پشكۆ ، جاری وا هەیە داری وشك و تەڕ بەیەكەوە دەكرێتە سۆپاوە تا تەڕەكە بە هۆی وشكەكەوە بسوتێت لەهەمان كاتدا تا ماوەیەكی زۆریش گەرمی دەدات بە دەوروبەری سۆپاكە .

داری تەڕیان وشك كە تەواو سوتاو ڕەش بووەوە پێ ی دەوترێت ڕەژوو ، ڕەژووكە تەواو سوتاو سور بووەوە دەبێتە پشكۆ ، ماوەی قۆناغی ڕەژوو پێش پشكۆ خستنە و داری تەڕ زۆرتر ڕەژووی لێ دروست دەبێت .

## تورەكە ، جەوەنە :

بەگشتی تورەكە و جەوەنە لەیەك دەچن ، بەڵام جیاوازی گەورە ئەوەیە تورەكە زۆرتر كاری دەسەیە لە قوماشی خام یان بلوری دروست دەكرێت بە زۆری ڕەنگی سپیە بەڵام جەوەنە بەرگی پێستی ئاژەڵانە ، زۆرتر بۆ ئاووشلەمەنی بەكاردێت .

تورەكە و چاخ بۆ هەڵگرتنی بەرووبومی شیرەمەنییە كە دۆو تۆراخ و شیرێز و شتی تری لێ پێك دێت .

تورەکە یان جاخ بەوەی دۆی تیَ دەکریَت ئاوەکەی دادەت بەرهەمەکە توند دەبیَتەوە مادەیەکی کەم چەوری لیَ پیَك دیَت پیَ ی دەوتریَ تۆراخ .

تورەکە جگە لە بەرهەمی شیرمەنی دەتوانریَ بۆ شتی تریش بەکار بیَت ، ئەوەی سەری تورەکە دەدرویَتەوە کلاَفەی بۆ دەکریَت ، بە کلاَفەکە توند گریَ دەدریَ وەك تورەکەی توتن تورەکەی خویَ ، جەوەنە زۆرتر بە مەبەستی ئاو هەلَگرتن بەکاردیَت لە وەرزی خەلە و خەرماندا .

## قوربەسات ، دوو سواغە :

خانووی ئیَستا لە گوندەکانیشدا بە بلۆك و چەمەنتۆ دەکریَت بەلاَم جاران خانوو لە گونددا ، بە خشت و قوڕ دەکرا ، سەری دارەڕا دەکرا و ژاو و پووش و پەلاَش دەدرا بەسەر دارەکاندا پاشان قوڕیَکی توندی پتەوی ئەستور دەدرا بەسەر ژاژ و پووش و پەلاَشەکەدا ، بەم قوڕە توندە دەوتریَ قوڕبەسات .

قوڕ بەسات سواغ دانی یەکەمی سەربانی خانووی دار و قوڕە کە لە جۆرەکانی تری قوڕ کاری سواغ دان جیاوازترە و پتە و و ئەستورە بە جۆریَك پووش و پەلاَشەکە تەواو دەشیَلَی و سەربانەکە تەخت دەکاتەوە ، توری قوڕبەسات توند و ترشاوە چونکە دەبیَت بەلایەنی کەمەوە (٢٤) کاتژمیَرپیَش سواغ دان بگیریَتەوە و تەواو بترشیَت ، قوڕی قوڕ بەسات کەوشك دەبیَتەوە جیَ جیَ شەق دەبات درزی گەورەی تیَدەکەویَ ، دوای وشك بوونەوەی قوڕ بە سات بە تەواوی ، دووبارە سواغیَکی تر دەدریَت پیَ ی دەلَیَن دوو سواغە .

قوڕی دوو سواغە لە قوڕی قوڕبەسات شل ترە ، تەنك تر سواغ دەدریَ و بۆ پڕ کردنەوەی درز و قلَیشەکانی قوڕ بەساتە .

دوو سواغە پیَویستییەکی دوای قوڕ بەساتە ئەگەر خانوو دوو سواغە نەکریَت تکە دەکا و دارەکانی ئاو دەدزیَ لە ئەنجامدا دەتەپیَت ئەگەر پیَویست کات یان دوو سواغە تەنك و درزی گەورەی هەبیَت جاریَ تر قوڕیَکی شل دەکەن بەسەر دوو سواغەداو دەلَیَن پیَویستی بە سیَ سواغەیە ، هەموو کات خانووی تازە لە ماوەی سالَی دروست کردنیدا سیَ سواغە ناکریَت ، بە پیَ ی خاك و ناوچە و پتەوی خۆلَ و ئەستور و تەنکی سواغەکان ، سیَ سواغە هەندیَك جار پیَویستە .

## شۆرباڕێژ :

شۆرباڕێژ کردارێکی ساڵانەی قوڕکارییە ، ساڵانە ئەنجام دەدرێ قوڕەکە شل گیراوەتەوە بە شێوەی شۆربا ڕۆدەکرێت و بە دەست پان دەکرێتەوە و پێ ی دەڵێن شۆرباڕێژ .

شۆرباڕێژ ساڵانە ئەنجام دەدرێ ئەگەر سەربانێك لێژبێت و ئاو ڕاگیر نەکات و خۆڵی زۆری بە سەرەوە بێت دەکرێتە ساڵ نا ساڵێك جاری وا هەیە دوو سواغە ، شۆرباڕێژ دەکرێت ، نەك سێ سواغە ، جیاوازی نێوان شۆرباڕێژ و سێ سواغە ، شلی قوڕەکەیە قوڕی شۆرباڕێژ تەواو شل و پڕ ئاوە کە ڕۆ دەکرێت خۆی ڕێرەو دەگرێت و بڵاودەبێتەوە تەنها بە دەست ڕێك دەخرێتەوە ، شۆرباڕێژ بۆ پڕکردنەوەی درز و ئەستوربوونی گڵی سەربانەکانە ، خانوویەك کە تەمەنی درێژ بێت و سەربانەکانی تکە نەکات شۆرباڕێژ دەکرێتە ساڵ نا ساڵێك .

## قاڵ:

ئەوانەی نزیك بوون لە مامۆستا شێرکۆ بێکەسەوە دەیان وت کاتێك شیعری دەنووسی بێ وچان جگەرەی دەکێشا تا ژوورەکەی قاڵ دەدا ، قاڵ چڕی و هەناسە سواری و ئاوو هەوای ژوورێکی داخراوە لە دووکەڵدا ، بەڵام قاڵ زۆرتر لە کرداری دروست کردنی ڕۆنی کوردیەوە هاتووە ، کاتێك کەرە دەکرێتە ڕۆنی کوردی دەبێت ئاگرێکی زۆر گەرم بگرێتەوە تاوە یان مەنجەڵێك بخرێتە سەر ئاگرەکە تا تەواو داغ دەبێت پاشان کەرەی کوردی دەکرێتە ناو مەنجەڵەکەوە لەکەرەکە دەتوێتەوە چڕ و دوکەڵێکی زۆر دەکات بەشێك لە دۆی تێکەڵ بەکەرەکە دەسوتێت و ماوەکە دەبێتە هەڵم ، چڕە دوکەڵێکی زۆر دەکات تا کەرەکە قاڵ دەدرێ و ڕۆنی ساغی کوردی لێ دروست دەبێت .

ئاگری قاڵ دان ئاگرێکی بە تینی گەورەیە جاران بە کوانو داری وشك دەکرا و بەردەوام دەبوو تا کەرەکە هەمووی قاڵ دەدرا پاشان لە دەفرێکی پاندا سارد دەکرێتەوە ، دوایی دەکرایە هیزەی تایبەت بە هەڵگرتنی ڕۆنی کوردییەوە کەرەی کوردیش هەر ڕۆنە ، بەڵام ڕۆنە کەرە پێش کرداری قاڵ دانە ، جیاوازی نێوان ڕۆنە کەرە و ڕۆنی قاڵ دراو ئەوەیە ڕۆنەکەرە ڕێژەیەکی کەم دۆی تێدایە و ڕەنگی سپییە ، بەڵام ڕۆنی قاڵ دراو هیچ پێك هاتەیەکی سپیایی تێدا نییە و ڕەنگی زەردە .

ڕۆن و کەرە زۆرتر لەگەڵ چادا دەخورێ و زۆرکەم چێشتی پێ لێدەنرێ ، چونکە قاڵ نەکراوە زۆرجار ڕۆنەکەرە هێلکە و ڕۆن یان شۆربای سادەی پێدەکرێ کاتێك ڕۆنەکەرەکە داغ دەکرێت بڕێکی کەم دووکەڵ دەکات قاڵ دەکرێت پاشان ڕەنگی ڕۆنی ئاسایی وەردەگرێت .

ڕۆنە کەرە قاڵ نەدرێ نابێتە ڕۆنی ئاسایی ڕۆنی قاڵ دراو کە لە هیزەدا هەڵدەگیرا تامێکی تایبەت دەدا و بۆنێکی خۆشی هەیە و لە چێشت لێناندا بە تەواوی هەست بە بۆن و تامی دەکرێت .

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر :

١- لە پەراوێزی مەرگی شاپەروەردا ، بەرهەمی کەلەپوری ، ٢٠١٢ .

٢- دواساتەکانی مەرگی پشیلەیەك ، وتار و بیرەوەری ، ٢٠١٣ .

٣- لە نێوان دیکتاتۆرییەت و دیموکراسیدا ، کۆمەڵە وتار ، ٢٠١٤ .

٤- گوڵبژێریك لە ئەزموونی کاری ڕۆژنامەنووسیم ، بابەتی ڕۆژنامەوانی ، ٢٠١٥ .

٥- هەناری بن دەس سێوی سەر لق ، بەرهەمی کەلەپوری و فۆلکلۆری ٢٠١٦ .